# ڕەنگدانەوەی کەلەپووری بێگانە لە ڕۆمانی هاوچەرخی کوردیدا باشووری کوردستان١٩٨٥-١٩٩١

پ.د.هیمداد حوسێن بەکر                    د.ئیبراهیم حەسەن حەمەد

بەشی کوردی- کۆلێژی پەروەردە

زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر

## ئەنجام

١. کەلەپووری میللی دەبێتە سەرچاوەیەکی بەپێز و دەوڵەمەند بۆ ژانری ڕۆمان، کە ڕۆماننووسەکان خەریکن بە شێوەیەك لە ڕۆمانەکانیاندا بەرجەستەی دەکەن و سوودی تەواویان بۆ تەکنیك و جۆرەکان و ڕەگەزە سەرەکییەکانی نێو ڕۆمان لێ وەر دەگرن، بەمەش کەلەپوور لە لەناوچوون ڕزگار دەکەن و نەمری و ڕەسەنایەتیش بە ئەدەبەکە دەدەن.

٢. ڕۆمان، یاخود هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبی، ئەگەر سەرنجێکی وردی لێبدەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە کەم تا زۆر لە مێژوو و تارمایی مێژوو بەدەر نییە، بەهرە و ئیلهامی خۆی لێوەرگرتووە ئەگەر مێژوو تۆمارکەری ڕابردووی مرۆڤ بێت، ئەوا ئەدەبیش ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەوان مرۆڤانەیە، کەواتە ئەو دووانە (مێژوو) و (ئەدەب) سوودێکی تەواویان لە یەکتر وەرگرتووە و سوودیشیان بۆ مرۆڤ هەبووە.

٣. گرنگیی بابەت و ڕووداوێکی مێژوویی ئەو کاتە بەدیاردەکەوێ، کە ئەو ڕۆماننووسە، لە شوێنی گونجاوی خۆی و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و سنوور بۆکێشراودا بەکاری هێنابێ و تێهەڵکێشی نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی نەکردبێ، ئەوا ئەوکاتە دەبێ بە مێژوونووس، نەوەك ڕۆماننووس. هەربۆیە بابەت و ڕووداوەکانی مێژووی نەتەوایەتیمان بوونەتە سەرچاوەیەکی جوان و هونەری بۆ نووسینی ڕۆمانی کوردی، دیارە ئەمەش بەهۆی تێکەڵ کردنی خەیاڵە بەو بابەتانە و بۆ ئەوەی هەستێکی هوشیاریی لای خوێنەر بۆ ڕووداوەکان دروست بکات.

٤. ئەگەر سەرنجێکی قووڵ و ورد بدەینە ئەو کلتوور و کەلەپوورەی میللەتانی دراوسێ و بێگانەکان، ئەوانەی لێمانەوە نزیکن و ماوەیەکی زۆرە بەیەکەوە دەژین، شێوەی ژیان و سروشتی خاك و نزیکی ئاینەکان لە یەکتری بوونەتە مایەی ئەوەی، کە زۆر شتمان لە یەك بچێت لە داب و نەریت و شێوەی بیر کردنەوە و هەندێ لایەنی بیروباوەڕی میللی و ئەوەش وایکردووە بکەوینە ژێر کاریگەری یەکتر و سوود بە یەکدی بگەیەنین. ئەمەش بە قەد قەوارەی ئەو کەلەپوورە نییە، کە لە مەزراندنی کەلەپووری ناوچەییدا خراوتەڕوو، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە، کە ڕۆمانی کوردی زیاتر هەنگاوی بەرەو ڕەسەنایەتی و بەرجەستە کردنی کەلەپووری ناوچەکەی ناوە و تایبەتمەندی کەلەپوورەکەیەتی.

## پێشەکی

کەلەپووری میللی، ئەدەبێکە ڕەگ و ڕیشەیەکی پتەو و لەمێژینەی مێژوویی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤ بووە لە قۆناغە جیاجیاکاندا و دەستەبەر کردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕابردووی بووە ئەو ئەدەبەش هاوشانی ئەدەبی نووسراو، لە چەندین ژانری جۆراوجۆر پێکهاتووە، وەك: داستان، لاوك، حەیران، ئەفسانە، داب و نەریت، بەیتە شیعر، نوکتە، پەند و قسەی نەستەق، حەکایەت و جۆرەکانی...هتد. جێی خۆیەتی، ئەو ئەدەبە ئاوڕێکی بێ هاوتای لێبدرێتەوە و بە

بەرگێکی تازەوە پێشکەش بکرێتەوە و لە بەرهەمە ئەدەبییە جۆراوجۆرکاندا بیان مەزرێنن و ڕەسەنایەتی تەواو بۆ ئەدەبەکەیان بگەڕێننەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو سامانە و ئەو گەنجینە پڕ بەهایە لە فەوتان رزگار دەکەن و نەوەی نوێشی پێ ئاشنا دەکەن، بە هەندێ دەسکاری پێویستەوە، لەگەڵ ژیانی واقیعی سەردەمدا بگونجێت.

هیچ رۆمانێك، چ ئەوانەی لە رابردوودا بڵاوکراونەتەوە، چ ئەوانەی ئێستا لە بەردەستدان سوود وەرگرتنی لە کەلەپوور بەدەرنین لە رەگەزە جۆراوجۆرەکانی بێبەری نین، لە شێوەی ئاماژە کردندا بووبێ، یان مەزراندنیان بە شێوەیەکی بابەتییانە و هونەرییانە لە بەرهەمە ئەدەبیەکانیان، واتە بابەتەکان و رەگەزەکانی فۆلکلۆر هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ژانری رۆمانەوە، تا بە ئەمڕۆ رادەگات، بەشێوەیەکی ئاگاییەوە بووبێت یان نائاگاییەوە بەکاریان هێناوە، ئەمەش دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بەرەو رەسەنایەتی رۆمانی میللەتان. دەکرێ ئەدەبی فۆلکلۆر و بەشەکانی وەك پێویستییەك لە پێویستییەکانی دەقی ئەدەبی سەیر بکرێت، بە تایبەتی رۆمان و خوێندنەوە و لێکدانەوەی تازەی بۆ بکرێت. ئەدەبی کوردیش لەو سامان و گەنجینە دەوڵەمەندەی بێ بەهرە نییە و بە کەرەسە و ماددەیەکی بەپێزی رۆمانی رەسەنی کوردی لە قەڵەم دەدرێ. هەر بۆیەش، ئەوەبووە بیرۆکەیەك بۆ لێکۆڵینەوەکەی ئێمە بە ناونیشانی رەنگدانەوەی کەلەپووری بێگانە لە رۆمانی هاوچەرخی کوردیدا (باشووری کوردستان (١٩٨٥ – ١٩٩١).

سنووری لێکۆڵینەوەکە، وەك لە ناونیشانی لێکۆڵینەوە کەدا دیاریکراوە، رەنگدانەوەی کەلەپوورە لەو رۆمانانەی کە لە ماوەی دیاریکراودا نووسراون وبڵاوکراونەتەوە و و مەزراندوویانە، لە راستیدا ئێمە ئەو رۆمانانەمان وەرگرتووە، کە لەو ماوەیەدا دەرچوونە و بە (رۆمان) تۆمار کراون نەوەك (کورتە رۆمان) یان (داستان) یان هەر شتێکی دیکە بن، سنووری لێکۆڵینەوەکەش تەنیا باشووری کوردستانە. گرنگیی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە، کە پراکتیزە کردنی کەلەپوورە لە رۆمانەکانی ئەو ماوەیەدا و تا چەند سوودیان لەو کەلەپوورە وەرگرتووە و بەرەو رەسەنایەتی هەنگاوی بەجێیان ناوە.بەمەش دەتوانین بەشێوەیەکی ورد ئەو کەلەپوورە دەوڵەمەندە لەو رۆمانانە دا دەستنیشان بکەین، بێگومان هەروەك گوتمان ئەو کەلەپوورە دەوڵەمەندە بۆتە پێویستییەکی گرنگیی رۆمانی تازە و رۆمان لە قاوغی لاسایی کردنەوە، دەباتە ئاستی خۆماڵی و رەسەناتیەتی رۆمانی کوردی، کە ئەمەش ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان دەخاتە روو، بۆ هەڵسانگاندن و تیشك خستنە سەر گرنگیی کەلەپوور لەو رۆمانانەی، کە لەو ماوەیەدا ، کە بڵاو کراونەتەوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمییانەی ئەوتۆ دەربارەی رەنگدانەوە و مەزراندنی کەلەپوور لە رۆمانی کوردیدا نەکراوە، بەڵکو ئەوەی هەیە نامەیەکی ئەکادیمییە لەسەر کاریگەری کەلەپوور لە شانۆی کوردیدا و چەند وتارێکی کورتی لێرە و لەوێ بۆ مەزراندنی کەلەپوور لە رۆمان و شانۆی کوردیدا، کە ئەمەش بەس نییە بۆ ئەو جۆرە بابەتە گرنگەی کەلەپووری رۆماندا،

واته ئەوەش كە كراوە بە وردو قووڵی ئاوڕیان لێنەداوەتەوە.هەروەها تاوەكو ئێستا لێكۆڵینەوەیەكی ئەكادیمییانەی سەربەخۆی تایبەت بە مەزراندنی كەلەپوور لە ڕۆمانی كوردیدا نەكراوە.

ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە:

لەم لێكۆڵینەوەیەدا، ڕێبازی وەسفی– مێژوویی لەبەرچاو وەرگیراوەو بە شێوەیەكی پراكتیكی دەستنیشانكردنی كەلەپوور لە ڕۆمانەكانی ماوەی ١٩٨٥– ١٩٩١ داریكراوە.

پرۆگرامی لێكۆڵینەوەكە:

ئەم لێكۆڵینەوەیە بریتییە لە پێشەكیەك و دوو بەش:

بەشی یەكەم بۆ ڕەنگدانەوەی هەندێ لایەنی كەلەپووری میللەتانی دراوسێ و بێگانەكان تەرخان كراوە، لە سەرەتاوە باس لە كەلەپوور و كاریگەری كەلەپوور بەسەر میللەتان و هۆكارەكانی كارتێكردنی نێوان میللەتان دەكات بەتایبەتی ئەوانەی، كە لە دەوروبەری كورد و هەندێكیشیان لەگەڵ كورددا دەژین، ئینجا لەبەشی دووەمدا باس لە كەلەپووری دراوسێ و بێگانەكان لە ڕۆمانی كوردیدا بە شێوەیەك دەكات ، كە لە خزمەتی تەكنیك بە تایبەتی گێڕانەوە دابێت و خزمەتیش بە ڕەگەزەكانی تری ڕۆمان بكات.لەكۆتاییدا، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە لێكۆڵینەوەكەدا پێیگەیشتووین خراونەتەڕوو.

<u>١–١: كەلەپوور و ڕۆمان</u>

سەرەڕای مەزراندنی كەلەپووری كوردی بە زۆربەی بەشەكانییەوە، كەلەپووری میللەتانی دراوسێ و جیهانیش، لەلایەن ڕۆماننووسانی هاوچەرخی كوردی، ڕەنگی داوەتەوە و لایان كردۆتەوە بەو كەلەپوورە دەوڵەمەندەی ئەوانیشەوە، لەبەرئەوەی مەرج نییە، كە ئەو كەلەپوورەی ئیلهاممان پێدەبەخشێت و وەری دەگرین، لە میللەتی بچووك و بە ژمارە كەم وەرگیرابێت، بەڵكو مەبەست و ئامانج لەو جۆرە كەلەپوورە ئەوەیە كە زیاتر لە ئەنجامی كاریگەری و كارتێكردن لەگەڵ یەكتردا و بۆ هاوژیانی و نزیكن و شێوەی پەرەسەندنی قۆناغەكانی ژیان و پێشكەوتن و دواكەوتنی هەریەكەیان دەگەڕێتەوە، هەروەها زیاتریش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كەوا كەلەپوور و فۆلكلۆر تاچەند لەنێو میللەتاندا باوە و بڵاوە و هەر میللەتێكیش خاوەنی كەلەپوورێكی تایبەت بە خۆیەتی و لە هەندێ لایەنی كەلەپووریشەوە هاوبەشییەك دەبینرێت، كە ئەمەش بۆ كاریگەری و كارتێكردنی نێوانیان دەگەڕێتەوە، هەروەك د. عەزیز گەردی دەڵێ: "ئەگەر ئاورێكی سەرپێیی لە ڕابردووی میللەتان بدەینەوە، دەبینین بەڵگەیەك نییە، كە نەتەوەیەك توانیبێتی بە گۆشەگیری و لاتەریكی و دوورەپەرێزی بگاتە ئەنجام".

كەواتە میللەتان هەر لە كۆنەوە تا بە ئێستا ڕادەگات سوودیان لە یەكتر بینیووە" چونكە هیچ میللەتێك نەیتوانیوە بۆ خۆی بژی، بێ ئەوەی یارمەتی و هاوكاری و هەرەوەزی لە نێوانیاندا نەبێت، بەمەش كەسانی شارەزا و دنیا دیدە لە ئەنجامی ئەو تێكەڵ بوونە بە هامووشۆ كردن و ئاڵوگۆڕی كەل و پەل و بواری بازرگانی و هاوكاری نێوانیان، لە ئەنجامی كار و دیاردەی نائاسایی

وەکو: لافاو و کەوتنەوەی ئاگر و رووچوونی زەوی و زۆر دیاردەی تر و هەروەها زیارەت و یارمەتیدانی یەکتر لە خۆشی و ناخۆشیدا، هەموو ئەمانە دەکرێ ئەدەب و رەفتار و داب و نەریتیان تێکەل بە یەکتر بێ و جۆرێك لە هاوبەشی لە نێوانیاندا دروست بێ.

بەپێی قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری ئەمریکی، کە پێی وایە پەیوەندی راستەوخۆ مەرج نییە، لێپرسراو بێ بەرامبەر حاڵەتەکانی لێکچوون" چونکە زۆر جاری وا هەیە، لێکچوون لە نێوان یاسا و رۆشنبیری چەند کۆمەڵگایەك بەدی دەکرێ، کەچی بەدرێژایی مێژوو بەیەك نەگەیشتوون، بۆیە یارانی ئەم قوتابخانەیە ئەم لێکچوونانە بۆ یەکێتی سروشتی مرۆڤایەتی دەگەڕێننەوە و لەو باوەڕەدان ئەگەر هەندێ کاری دەرەکی و کردەی بەرهەم هێنان و داهێنانەکان پێکچوون، ئەوا پێکهاتەکانی رۆشنبیری کۆمەڵگاکان وێك دەچن هەرچەندە لە رووی کات و شوێنەوەش لێك دووربن.

**٢-١: هۆکارەکانی کارتێکردن و کاریگەری رۆشنبیریی بێگانە**

١. هۆکاری ئایینی: زۆربەی میللەتانی دراوسێی ئێمە، سەر بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامن، ئەمەش وایکردووە، ئایین ببێتە پێکهاتەیەکی گرنگی کەلەپووری هەموولایەکمان.
٢. هۆکاری ئابووری و بازرگانی: میللەتانی دراوسێ، لە زۆر کۆنەوە، دراوسێی یەکتر بوونە و ئاڵوگۆڕ و سەودایان لەگەڵ یەکتر کردووە، بەمەش هەردوولا سوودیان بە یەکتر گەیاندووە و زۆر شتیان لە یەکتر وەرگرتووە و چەندین داب و نەریتیان لە یەکتر وەرگرتووە.
٣. هۆکاری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری: زۆربەی میللەتانی دراوسێ و ئەو نەتەوانەی لەگەڵ کورددا دەژین، دەمێکە ژیانیان لەگەڵ یەکتر بەسەربردووە و لە خۆشی و ناخۆشیدا بەیەکەوە بووین و هەتاوەکو ژن و ژن خوازی لە نێوانیاندا هەبووە و جیاوازی لە نێوانیاندا نەبووە لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا نەبێت، ئەگەرنا رۆژێك لە رۆژان هیچ جۆرە (سرك)یەك لە نێوانیاندا نەبووە و هیچیەکیان نەکەوتوونەتە ژێر زوڵم و زۆری کوردەکانەوە.
٤. هۆکاری سیاسی: ئەمەش هۆکارێکی ترە لە هۆکارەکانی کارتێکردن، بۆ نموونە لە ئەنجامی شاڵاوی دەوڵەتی عوسمانیەکان بەسەر ئەرمەنەکاندا، هەندێ لە خێزانە ئەرمەنەکان روویان لە کوردستان کرد و وەك شوێنێکی ئەمین بۆ خۆیان دەستنیشان کرد بۆ دووبارە دەسپێکردنەوەی ژیانیان" چونکە پێیان وابوو، کە کوردستان لە چەند روویەکەوە لە سروشتی خاك و هەندێ داب و نەریت و ئەدەبیاتەوە، تارادەیەك نزیکن لە کوردەکانەوە، بۆیە ئەوانە روویان لە کوردستان کردووە و کەوتوونەتە ژێر کەلتووری کوردەوە. د.عیزەدین مستەفا دەڵێ: "مینۆرسکی گوتویەتی لای ئاسورییەکانی چیا گۆرانی کوردی وتن و چیرۆکی کوردی گێڕانەوە، بۆتە عادەتێکی گشت لایی".

کەواتە ئەمە ئەوە دەردەخات، کە "فۆلکلۆری کوردی تەنیا لەناو کورد خۆیدا بڵاونییە، بەڵکو لەناو گەلانی تری رۆژهەڵاتیشدا، وەك عەرەب و فارس و ئازربایجان و ئەرمەن و ئاسوری بڵاوە".

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە زۆر لایەنی ئەدەبی فۆلکلۆری میللەتان لەیەك دەچن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ لایەنیشەوە، تایبەتمەندی خۆیان پاراستوە و هەر میللەتەی رەسەنایەتی خۆی پێوەدیارە و پاراستویەتی. لەلایەکی دیکەشەوە چ ئەدەبیاتی رەسمی و چ ئەدەبیاتی فۆلکلۆری، پێویستی بە نوێبوونەوە و گۆڕانەوە هەیە. کەواتە دەتوانین ئەدەبی میللی و کەلەپووری کورد و هەر نەتەوەیەکی دیکە لە رووی روخسار و ناوەڕکەوە بەرهەمی رەسەنی کورد و نەتەوەکانی دیکەیە، کە هاوکات لەدێر زەمانەوە پێکەوە ژیاون.

لە سەردەمانی پێشوودا جوولەکەکان چەندین خێزانیان لێرە و لەوێی ناوچەکاندا بڵاوبوونەوە. هەرچەندە، هەریەك لەو میللەتانە، داب و نەریتی تایبەت بەخۆیانەوە هەیە و رەسەنایەتی کەلەپووری خۆیان پێ بسەلمێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەب و داب و نەریتی هاوبەشیش لەنێوان خۆیان و کوردیشدا دەبینرێ ئەمەش بەرەنجامی هەندێ لەو کاریگەریانەیە، کە هەروەك لە پێشوودا ئاماژەمان بۆ کردن. بۆ نموونە: نیشانەکانی پێشبینی هاتنی میوان، یاخود خۆشتنی شەوانی چوارشەمووان، یان سەیر کردنی ئاوێنە لە شەودا وەك چۆن لای تورکمانەکان پەسند نییە، لای کوردیش، بەهەمان شێوە پەسەند نییە.

ئێمە لێرەدا بەتایبەتی ئەو بەشەی، کە تەرخانمان کردووە بۆ هەندێ بیر و باوەڕ و داب و نەریتی میللەتانی دراوسێ و جیهانی بۆ خستنە روویان لە رۆمانی هاوچەرخی کوردیدا، کە ئەمەش لە چەند لایەکەوە سوودی هەیە، یەکەم: بۆ مەزراندن و بەشداری کارای ئەو کەلەپوورەیە لە روخسار و ناوەڕۆکی رۆمانەکاندا، دووەم: بۆ ئەوەی تا رادەیەك، نەك لە کەلەپووری نەتەوەییمان، شارەزا بین، بەڵکو لە کەلەپووری میللەتانی دیکەش زانیاریمان هەبێت و لە رێگەی کەلەپوورەوە رادەی رۆشنبیری و داب و نەریت و ئەدەبیاتیان بزانین. کە رەنگە لە هەندێ لایەنی کەلەپوورەوە لەیەك بچین و لە هەندێ لایەنی دیکەشەوە لەیەك جیابین.

**<u>١-٢: رەنگدانەوەی کەلەپووری گەلانی دراوسێ لە رۆمانی هاوچەرخی کوردیدا:</u>**

**رۆمانی پەرستگەی دڵداری:**

ئەو رۆمانە یەکێکە لەو رۆمانانەی، کە نووسەرەکەی توانیویەتی بابەتەکەی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە بخاتە روو، لەبەر ئەوەی نووسەر توانیویەتی رووداوەکانی نێوان ساڵانی (١٩٥٦ – ١٩٦٩) بە تێر و تەسەلی بخات روو و بارودۆخی ئەوسای عیراق و ناوچەکە بە شێوەیەکی هونەری بنووسێتەوە، کە سەردەمی دەست بەسەراگرتنی عیراق بوو لە لایەن ئینگلیزەکانەوە. هەروەك لە یادەوەرییەکیدا باس دەکات: "رامایە رۆژمێرە هەڵواسراوەکەی سەر دیوارەکە بە خامەکەی خەتێکی بەسەر رۆژە بەسەرچووەکاندا کێشا، کە رێکەوتی رۆژی بیست و پێنجی کانونی یەکەمی (١٩٥٦) بوو.. ئەو رۆژە پڕ رووداوەی هاتەوە یاد، کە بەتەواوی ئێش و ئازاری نەخۆشیەکەی لەبیر

بردەوە، ئەو رۆژە لەرادیۆکە جیا نەبووەوە، بە درێژایی رۆژەکە میللەکەی لەسەر شەپۆلەکانی ئیستگەکاندا دەگێڕا لە دوا هەواڵی شەڕی (سویس) و سەرنەکەوتنی شالاوە سێ قۆڵیەکەی (ئینگلیز و فرەنسا و ئیسرائیل) بۆ سەر ولاتی میسر دەگرت.. دیسان میللی رادیۆکەی گێڕا و خستیە سەر ئێستگەی قاهرە گوێی لە چەند سروودێکی نیشتمانی و چەند وتارێکی سیاسی راگرت، دەربارەی خۆ راگرتنە پاڵەوانیەکەی گەلی میسر، هەستی بە دڵشادیەك کرد هەموو گیان و دەروونی داگرت، لە پڕ هاتەوە یادی، کە بۆ جەژنی سەری ساڵ هەرچەن رۆژێك ماوە، لەبەر خۆیەوە گوتی: دەبێ ببێتە دوو جەژن، جەژنی سەرکەوتن و جەژنی سەری ساڵ".

ئەو هەواڵ و یادەوەرییە مێژووییە، بەشێکە لە گێڕانەوەی رووداوی بابەتەکە، کە لەوکاتەدا بەسەر عیراق و ناوچەکەدا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە هاتبوو ، هەروەها باسکردنە لە هێرشی سێ قۆڵی (ئینگلیز و فرەنسا و ئیسرائیل) بۆ سەر میسر، کە ئەو گەلە توانی ئازایەتی و بەرگرییەکی بێ وێنە ببینێ و ورە و تینێکی گەرم و بێ هاوتا بە گەلە ستەملێکراوەکان ببەخشێت و دڵ و دەروونی کەسانی غەم لە دڵ و ستەمدیدەش خۆش بکات. دوای ئەوەی سەعید ئەو هەواڵە دەبیسێ لە ئێستگەی قاهیرەوە، کە ئەو هێرشە سێ قۆڵییە سەری نەگرتووە، دڵ و دەروونی شادییەکی بێ وێنەی بە خۆیەوە بینی و جەژنی سەری ساڵی (١٩٥٧)ی لێ ببووە دوو جەژن، جەژنی سەری ساڵ و جەژنی سەرکەوتن بەسەر زوڵم و زۆری دەوڵەتە ئیمپریالیستەکاندا.

هەر لە رۆمانی (پەرستگەی دڵداری)دا رۆماننووس، بۆ مێژوو (فلاش باك)ێك دەکات و ئەو کارەساتە دێنێتەوە یاد و لەسەر زاری کەسایەتییەکی مەسیحی، کەوا کەسایەتییەکی سەرەکییە و مێردی پوورە کاترینە، دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "هەر لەوکاتەی لە تورکیا هەترە کراین – پاش ئەوەی دووچاری قەسابخانە سامناکەکە هاتین – ئەوکاتە هێشتا من مێرد منداڵ بووم، من هەر لە تەنگانە و ئەشکەنجەدابووم، مێشکیشم هەمیشە بەم بیرەوەرییە تاڵانە جەنجاڵ بووە، کە وێنە ترسناکەکەی ئەوسام دێتەوە بەرچاو،موچرك بە هەموو گیانمدا دەگەڕێت...!وا بوو لە سەرەتادا لە موسڵ جێگیر بووین، پاشان هاتینە بەغدا.. لەوساکەوە وەکو پەروانە خول دەدەمەوە، هیچ کارێك و هیچ پیشەیەك نەما نەیکەم، تا لە دواییدا لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووك دامەزراو، لەوێ شارەزاییێکی باشم لە کار کردن پەیدا کرد، تا بوومە کاریگەرێکی هونەروەری بە توانا.. بەڵام ئەوە دەبینیت کار کردنی ساڵەهای ساڵ چۆن هێزی لەبەر بڕییوم و چیتر توانای کار کردنم نەماوە".

قڕکردنی ئەرمەنەکان (جینۆساید)ی تورکیا کارەساتێکی گەورە بوو، دەسەڵاتی تورك دەرحەق بە ئەرمەنەکانی کرد، ژمارەیەکی یەکجار زۆری لێ کوشتن و هەندێکی دیکەیان هەڵاتن و رزگاریان بوو ئاوارەی ولاتانی دیکە بوون، یەکێك لەو ولاتانە عیراق بوو، کە ژمارەیەکیان پەنایان بۆ برد و ئەوانە لە بارێکی دەروونی ناهەمواردا دەژیان. بەتایبەتی ئەو کەسانەی، کە کارەساتەکەیان بەچاوی خۆیان بینیبوو، هەرگیز لە یادی ناکەن،کەواتە رۆماننووس لەو رۆمانەیدا، تەکنیکی کراوەی بەکار هێناوە لە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە لەلایەن کەسایەتی سەرەکی (مام یوسف) و لە رووی روخسار و ناوەڕۆکی رۆمانەکە و ئەو مەغزایەی، کە ئەو کارەساتە دەیخوڵقێنێ. ئەمە

وادەکات کە بەهیچ جۆرێك پەنا بۆ ئەو کارە نامرۆڤایەتییە نەبەن، کە ویژدانی مرۆڤایەتی بهەژێنێ، رۆمانووس مەبەستی زیاتری لە هێنانەوەی ئەو کارەساتە ئەوەیە، کە بەهایەکی مرۆڤایەتی وروژاندووە و دوژمنانی مرۆڤایەتی، گەلانی بێ هێز و بێ توانا بچەوسێنێتەوە، هەروەك گەلانی میسر و ئەرمینیا و گەلی کوردیش زۆری لەو نەهامەتی و کارەساتانەی بەخۆوە بینیووە.

لە کلتووری ئایینی مەسیحییشدا مەی و پەنابردن بۆ مەی خواردنەوە بە کارێکی نەشیاو دادەنرێ و رۆمانووس لە دەمی (پوورە کاترین)ەوە دەگێڕێتەوە: "وا دەزانن کامەرانی لە مەی خواردنەوە پەیدا دەبێت..؟! بەو خوایە مەزنە، مەی لە کارەسات زیاتر هیچی تر بە مرۆڤ نادات" گێل و هێلی دەکات و وای لێدەکات بیر نە لە ژیانی خۆی و نە لە ژیانی دوارۆژیشی بکاتەوە، دە سەیری بکە مەی چۆن هێزی لەبەر بڕیوە و شەت و پەتی کردووە، بە زوویش تەنگی پێ هەڵچنیووە. رۆڵە کامەرانی لە ئیمانەوە دێت، هەر ئیمانە کانگەی کامەرانی و بەختەوەرییە سەرچاوەی هێز و توانایە، کلیلی راستەقینەی ژیانە.. دە سەیری ئەم وێنەیە بکە، ببینە چۆنیان بەسەر خاچەوە بزمار کوتیان کردووە، چی وای لێکرد خۆی لەبەر ئێش و ئازاری کوشندە راگرێت". چی بوو هێز و توانای ئەم هەموو ئۆقرە و خۆ لەبەر راگرتنەی پێ بەخشین؟!.. لە ئیمان زیاتر هیچی تر نەبوو. کەواتە بە گوێرەی قسەکانی پوورە کاترین مەی خواردنەوە لە ئایینی ئەوانیشەوە و لە هەموو ئایینەکانی دیکەشدا، بێ ئیمانییە، بێ هێزییە، بێ توانایییە، بێ ئۆقرەییە و ئەوەی لە مەی خواردنەوەدا دەست دەکەوێت، ئەوەیە کەوا لە مرۆڤ دەکات زوو بەرەو پیری مەرگەوە بچێت، وای لێدەکات، کە بە هیچ شێوەیەك بیر لە ژیان نەکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا تووشی چەندین نەخۆشی کوشندەی بکات، لە بەرامبەریشدا، بەلای پوورە (کاترین)ەوە، کە خێزانی مام یوسفە، کامەرانی مرۆڤ لە ئیمانەوەیە، سەرچاوەی هێز و توانایە و بەردەوامی بە ژیان دەدات، فێری دان بەخۆ داگرتن و ئارامی و ئاسوودەیی دەگەیەنێت، هەر ئەوەش بوو وای لە حەزرەتی مەسیح کرد بەرامبەر بەو هەموو ئێش و ئازارانەی خۆڕاگر بێ ، کە تووشی هاتبوو لە پێناوی پەیڕەویکردنی ئایینەکەیدا، هەموو ئەوانەی کە باسمان کرد، ئیمانە پتەوەکە بوو، لە هەمان کاتیشدا مەی خواردنەوە، هەڵاتنە لە واقیع، چونکە مەی تاکو ئێستا هیچ دەردێکی چارەسەر نەکردووە، بەڵکو دروستکەری هەموو دەرد و نەخۆشیەکە و مرۆڤ بەرەو ژیانێکی سەخت پەلکێش دەکات بەرەو چارەنووسێکی نادیار، ئەمەش لەگەڵ مەبەست و مەغزای رۆمانەکەدا گونجاوە.

دیسانەوە لە رۆمانی (پەرستگەی دڵداری)دا باس لە نەریتێکی جوانی کریستیانەکان دەکات" چونکە بەلای ئەوانیشەوە چاوتێری نەریتێکی تا بڵێی جوانە و کلتوورێکە لە دێر زەمانەوە بۆیان ماوەتەوە، بەلای ئەوانیشەوە بیر و باوەڕ وایە، کە دنیا بۆ کەس نامێنێتەوە و خوا رەزیلی پەسند نەکردووە و ئەوەی مرۆڤ بەدەستی خۆی دەیبەخشێت، ئەمەیان ماڵە و ئەوی دیکە هیچ بەهایەکی نییە لای خودا، کە ئەمەش دیارە لەسەر زاری مام یوسف دەگێڕدرێتەوە، کە کاتێك پوورە (کاترین) ، ئەوەی بۆ سەعید درکاندبوو، کەوا ئەوان چوار کەسی دیکەش بەخێو دەکەن، کە

ئەوانیش (سۆفیا) و سێ کچەکەیەتی. لەو کاتەشدا مام یوسف، کە خەفەت و نیشانەی دڵەڕەنجانی بە رووخساری (سۆفیا)وە بینیبوو، نەختی شڵەژابوو، ئەویش ویستی دڵی (سۆفیا) بداتەوە، بەمەش لۆمەییێکی زۆری پوورە کاترینی کرد بەو قسانەی کە لای سەعید سەبارەت بە سۆفیا و منداڵەکانی درکاندبووی.

هەردیسان لە رۆمانی (پەرستگەی دڵداری)دا، کە باس لە رووداوە گەرمەکانی ئەو سەردەمە دەکات بە تایبەتی هێرشە سێ قۆڵییەکەی ئینگلیز و فەرەنسا و ئیسرائل بۆ سەر میسر، لەوکاتەشدا سەعید (پاڵەوانی رۆمانەکە) و (مام یوسف)ی کەسایەتی مەسیحی کەوتبوونە نێو باس کردنی ئەو کێشە مەزنانەی ئەو رۆژانە دەچوون، باسیان لە خۆپیشاندانەکەی شاری بەغدایان دەکرد، بۆ پشتیوان کردن لە گەلی میسر و مام یوسف سەبارەت بە رەوشتێکی جوولەکەکان، کە ئەویش چلێسی و مادە پەرستی ئەوان بوو، بۆ سەعیدی دەگێڕایەوە و دەیگوت: (ئەمانە قەومێکی بە بوغز و قینن، وا خۆیان پیشان دەدەن، کە زوڵم لێکراون، بەڵام هەر کە دەستیان بڕوات و توانایان هەبێت ناوچەکە کاول دەکەن و چەپۆکی بەسەردا دەگرن.. لە کۆنەوە ئەمە پیشەیانە. ئەی هەر ئەوان نەبوون عیسا پێغەمبەریان لەخاچ دا و لەشیان بزمارکوت کرد؟ مام یوسف لەسەری دەڕوا و دەڵێ: (ئەمانە میللەتێکی چلێسن و تەماع کارن، لە هەر شوێنێك بن، دەست بەسەر بازاڕ و کاروباری ئابووری دادەگرن. پارە لە گیرفانی خەڵك دەدزن، بە بار زێڕ و زیو کەڵەکە دەکەن، لە دنیادا هیچ مەبەستیان نییە، غەیرەی سامان کۆکردنەوە نەبێت، بەڵام نازانم چۆن ئەوانە بەم پایە گەیشتن..؟! من بە عەقڵما ناچێت ئەم نەفرەت لێکراو و ترسنۆکانە، کە منداڵە وردکە بە هێلکەی پیس و پەلکە کاڵەك و تەماتەی رزیو راویان دەنان، ئێستاش خۆیان بکەنە شێری مەیدان و گەلێکی تەواو ئاوارە بکەن، لەو سنوورەش رانەوەستن، ئا ئەوەتە دەبینی چی دەکەن..!؟).

– سەعید گوتی: (ئەوانە شێر نین، بەڵکو چڕنووکی شێرن.. وابزانم ئەوەش دەزانیت، کە چڕنووکی کێن؟! مام یوسف بە توڕە بوونەوە گوتی: خۆ منیش ئەوە دەزانم ئەگەر ئینگلیز و فەرەنسا لە پشت ئەوانیشەوە ئەمریکا نەبوایە، ئەم نەفرەت لێکراوانە ئەمەیان پێ نەدەکرا، بەڵام بڕوات هەبێت پیلانەکە هەر لە بنەڕەتەوە لە مێشکی وان دەرچووە، چونکە ئەمانە لە ئاژاوەنانەوە و خەڵك بە گژ یەکتری دا کردن و دەرفەت خولقاندن بۆ هێنانە دی ئاوات و مەبەستەکانیان تاقیکردنەوەیەکی دوور و درێژیان هەیە.. لە من بپرسە ئەمانە هەر لە زەمانی عیساوە بگرە پێشتریش ئەمە پیشەیان بووە. پاشان مستێکی توندی لە مێزەکە دا و دەفرەکانی سەری هەمووی هەژاندەوە و کەوتە قسە کردن: بەڵام من دڵنیام، کە ئەوانە لە دواییدا قەت خوا لێیان خۆش نابێت و بەسەریان ناخات، کە کاتی بڵاوە کردنیان هات).

سەعید هەستی بە دڵخۆشی کرد، کە دەپڕژێتە ناخی دڵییەوە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە ئەو نەریتەی جوولەکەکان شتێکی پەسەند نییە و لە گێڕانەوەیدا کاریگەری لەسەر روخساری رۆمانەکەدا کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گێڕانەوەکەش مەبەست و مەغزایەکی جوانی تێدایە، بۆ ئەوەی رۆماننووس وای پیشان بدات بۆ خوێنەری کورد، کە ئەو

نەریتە بەلاوە بنێین و بە پێچەوانەی ئەو نەریتە بین هەروەك لە زۆربەی ئایینەكاندا بە شتێكی پەسەند دانانرێت، هەروەها مەبەست لە هێنانەوەش بۆ ئەوەیە، یاخود بۆ دەرخستنی ئەو رق و كینە و ململانێیەیە، بە تایبەتی رق و كینەی ململانێیەكی توندی ئایینی و نەتەوەییەكانە لە هەمبەر زوڵم و زۆرداری و مادده پەرستی و رووتاندنەوەی خەڵك لەلایەن ئەوانەوە، ئەو نەریتە كۆنەش لە رۆژگارێكی زۆر كۆنەوە بۆیان ماوەتەوە. (چارلز دیكنز) لە رۆمانی (ئۆلیڤەر تویست)دا بەشێكی رۆمانەكەی تەرخان كردووە بۆ چلێسی و مادده پەرستی و بەكار بردنی منداڵان و ئیش پێكردنیان و دزی كردن و رووتاندنەوەی خەڵك لەلایەن جوولەكەكانەوە باس دەكات و وێنەیەكی واقیعی كۆمەڵگەی لەندەنی ئەوسای نەخشاندبوو، زۆر راشكاوانە باس لەو مەینەتیەی منداڵانی بێ باوك دەكات و دەچەوسێنرێتەوە لەلایەن جوولەكەیەكی وەك (فێگن)، ئەمەش رەنگدانەوەی واقیعی گەلانی عێراق بوو لە هەمبەر چەوسانەوە و زوڵم و زۆری كاربەدەستان و دەسەڵاتی ئینگلیزەكانەوە.

رۆمانی (هەڵكشان بەرەو لوتكە):

كریستیانەكان بەشێكن لە پێكهاتەی شاری كەركوك، ئەوانیش وەك موسڵمانەكان و جوولەكەكانی ئەوسای كەركوك و ناوچەكانی دیكەی كوردستاندا، چەندین داب و نەریتی تایبەت بەخۆیان هەیە و پیادەی دەكەن و خۆیان لەگەڵیدا گونجاندووە و بوونەتە بەشێك لە كەلەپووری ئەو میللەتە و بە بەشێكی زیندووی رۆشنبیرییان لە قەڵەم دەدرێت.

یەكێك لەو بۆنانە، كە بۆتە داب نەریتێكی ساڵانەیان، كە ئەویش (سەیەدان)ە، سەیەدان وەك بۆنەیەكی خۆش وەریان گرتووە و بۆیان ماوەتەوە، پاییزان كە خەڵك لە سەربان بۆ دواجار دێنە خوارەوە، بەرەو ژوورەكان هەڵدەكشێن، كریستیانەكان داب و نەریتیان وایە، كە حەفتەیەك پێش موسڵمانەكان سەربان جێدێڵن، ئەوا ئەو بۆنەیە دەكەن بە جەژن و لەو شەوەدا هەزاران تەرەقە و فیشەكە شێتە بە ئاسماندا هەڵدەدەن، بۆنی باروت لووتی پڕ دەكرد و تەقەیش گوێچكەی كاس دەكردین. ئەمەش زیاتر لای كریسیانەكانی قەڵا وابوو.

ئەو بۆنەیەی كریستیانەكان، كە خۆی لە جەژنی سەیەداندا دەدۆزێتەوە رەنگە بۆ ئەوەبێ، كە دەسپێكی رۆژێكی تازەیە لە تەمەنیان و سوڕانەوەی وەرزێكی تازەیە و ئیتر كەش و هەواش فێنك دەبێت و لەلایەكی دیكەشەوە شتێكی دروستە، كە بە تایبەتی ئەوانەی منداڵی وردیان هەبێت گومانی تێدا نییە، كە زووتر نەخۆش دەكەون لە گۆڕینی ناكاوی وەرزەكاندا، ئینجا بۆ ئەوەی دووربن لە نەخۆشی و غەم و پەژارە زووتر دەچنە خوارەوە و دەیكەن بە جەژنی خۆیان، لای جوولەكەكانیش بۆنەیەكی تایبەت هەبووە بەخۆیان. كە پێیان دەگوت (كەپرە شینە)، ئەو كەپرە شینەیەش زیاتر لەلای جوولەكەكانی موسەڵلا و پیریادی، كە لە دوای سەیەدانی كریستیانەكان دەهات لە پاییزاندا، ئەو بۆنەیەش وەك جەژنێكی تایبەت بە جوولەكەكان، لە پاییزاندا، كەپر دروست دەكەن، میوەی جۆراوجۆری ئەو وەرزەی پیادا هەڵدەواسن و هێلكەی رونگ دەكەن و لەبەر رۆژ دایدەنێن و ئینجا دەیخۆن، چونكە جوولەكەكان لەو بۆنەیەدا ئاگر ناكەنەوە، ئەمەش رەنگە بۆ

ئەو چەند ڕۆژەی یادی حەزرەتی موسا بێت، کە ئەو چەند ڕۆژە کەوتۆتە ژیانێکی پڕ لە ناخۆشی و مەترسی لە هەمبەر زوڵم و زۆری دار و دەستەی فیرعەونەکانەوە.

پێدەچێت ئەو ڕێکەوتە هاوکات بێ لەگەڵ ئەو ئێش و ئازارەی، کە حەزرەتی موسا تێی کەوتبوو، لە هەمان کاتیشدا ڕزگار بوونیەتی پاش ئەو چەند ڕۆژەی کە ژیانی لە مەترسیدا بووە، جوولەکەکان دەیکەن بە بەزم و هەرا و ئەو چەند ڕۆژە لەخۆشی و کامەرانی دەبەنەسەر، ئەو جۆرە بۆنەیە ئێستا بۆتە بەشێك لە حیسابگری کوردەواری و مبەستیش لێی لای کورد ئەوەبێ کەوا گۆڕانێك لە وەرز ڕوودەدات و خۆ ئامادەکردن بێت بۆ وەرزێکی تازە و ساردتر و ئامادەکرنی هەندێ خواردەمەنی وشك کراوە بێ بۆ زستان و دەسپێکی ژیانێکی تازە و سەختتر.

لە ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لووتکە)دا هاتووە، کە باس لە گاڵتە و گەپێك دەکات، کە بەسەر سەرۆکی شارەوانیدا هاتووە و لێپرسراوێکی تورکمانی ئەوسای شاری کەرکووك بووە و جەنابیشی نەخوێندەوار بووە، ڕۆماننووس دەگێڕێتەوە و دەڵێ: لاوێکی سیویل لەبەر بە پلارەوە کەوتە وێزەی من!

- نەخوێندەواریش بووە!؟
- هەر نەخوێندەوار و بەس!

منیش بە تەوسەوە وەڵامی سیویل لە بەرەکەم دایەوە و لەسەری ڕۆیشتم!

– ئەوەی لەو دەگێڕنەوە مەگەر لە مەلا مەزبوورە بوەشێتەوە!

جارێکیان بە عەبای سورمەچنەوە لە چایخانەی (مەجیدی) دەبێت ڕۆژنامەیك دەنووسێنێ بەچاویەوە.

- نەخوێندەوار و ڕۆژنامە!!

– ئەی چۆن وتمەوە لێپرسراوی شارەوانی دەبێ ڕۆژنامەی بەدەستەوە بێت، نەیسە هاوار و قیژەی لێ هەڵدەستێ. دانیشتوان وەك بازنگە لە دەوری خڕدەبنەوە. دەبێ چی ڕوویدابێت لە باقی ئاغا! ئەویش دەڵێ: (باخن.. باخن دوزخورماتی یولندە بیر ترومپیل دۆبن. الله علیمدر لاری ئولۆپ) تەماشاکەن، سەیرکەن، لە ڕێگەی خورماتوودا ئۆتۆمبێلێك هەڵگەڕاوەتەوە! خوا دەزانێ چەندیان مردوون! خوێندەوارێکیش دەس دەبا بۆ ڕۆژنامەکە و ئاڵوگێڕی دەکاتەوە بۆی. (قەزەتانی! توگبسان! تومەز ئاغا ڕۆژنامەکەی ئاوەژوو گرتۆتە دەست، بۆیە سەر بڵند دەکات و دەڵێ: (بونیکی قاخانلر بزدەن دەها ئوخوبێزاردلار!) واتە جاحێڵی ئەمڕۆکە لە ئێمە مانان خوێندەوارترن! سەرجەم چایخانەکە دەداتە قاقای پێکەنین. ئەگەر سەرنج لە هێنانەوە و دواتر گێڕانەوەی ئەو گاڵتە و گەپە بکەین، کە لەلایەن کەسایەتییەکی ناو ڕۆمانەکە گێڕادراوەتەوە و بەشدارییەکی لە تەکنیکی ناو ڕۆمانەکەدا کردووە و جۆرێك لە گفتوگۆ و دایلۆگی لە نێوان نووسەری شاراوە و لاوە سویل لەبەرەکە دروست کردووە. لەلایەنی ناوەڕکیشەوە، دیارە کە گەندەڵییەکەی ئەوساکە گەیشتۆتە ئەو ڕاددەیەی، کە نەخوێندەوارێك ببێتە سەرۆکی شارەوانی و تاوەکو نەزانێت ڕۆژنامەیەکیش بە ڕاست و دروستی ڕابگرێت، نەوەك بۆ خوێندنەوە! کەواتە شارێك ئەو جۆرە کەسانە بەڕێوەیان

بردبێت، دەبێ چ شارێکی کەساس پەرپووت بێ، چونکە کەسێکی شیاو و لەشوێنی شیاو نەبووە، تەنیا مەگەر کەسێکی دەوڵەمەند و لە بنەماڵەی ئاغا و خواپێداوەکان بێ و بەس!.

چیرۆکی بیانی لە رۆمانی (هەڵکشان بەرەو لووتکە)دا- کە لەلایەن نووسەری شاراوە دەگێردرێتەوە، ئەویش لە ئەورەحمانی وەرگرتبوو، هانی خوێندنەوەی دابوو، کە دەڵێ: "قارەمانی چیرۆکەکە، لە ژوورێکی تاریکی بەندیخانەیەکدا گیراوی سیاسی بوو، ئەو گیراوە چاوەڕێی لە سێدارەدانی دەکرد، بۆیە ئەو کلۆکە پەنا دەباتە بەر دیواری زیندانەکەی پەلەپیتکە دەخاتە کار، دان بەخۆدا دەگرێ و سەر لەنوێ پەلەپیتکە لە دیوارەکە دەدات، ئەمجا دان بوخۆیا دەگرێ، گوێ دەخاتە سەر دیوارەکە، پەلەپیتکە لێدەداتەوە.. بەم جۆرە هەتا لەو دیوەوە دەنگی پەلەپیتکە دەشنەوێ! ئەم بۆ ئەو. ئەو بۆ ئەم. بەیانی، چێشتەنگاو، عەسر، ئێوارە، شەو، نیوە شەو، بەرەبەیان، دەئاڵێنە پەلەپیتکە لێدان و ئاڵوگۆڕ کردنی هەست و نەستیان. هەڵبەتە پەلەپیتکە لێدان لەناویاندا نەشونما دەکا و جۆرە جفرەیەك دادەنێن بۆ پیت و ژمارەکان، بەو تەرجەمە بوونی خۆیان و هیوایان بە ژیان بۆ یەکدی دەسەلمێنن، دۆزینەوەی ئەو ئەلف و بێیە جفرەیە تروسکەی هیوایەکی لەلام رووان. هەروەك نووسەر دەڵێ: بە جەخت تر ئالأمە چیرۆکەکە بۆ ئەوەی چاك لەو ئەلف و بایە شارەزابم، کە بە (ئەلف و بای دووجا) ناونرا بوو. هیواکەی هەمبوو تەرزی وەشاند. لاکێشەیەکی فراوان دابەش دەکرێتە چەند چوارگۆشەیەکی بچووکەوە بە گوێرەی ژمارەی پیتی هەر زمانێك شەش بە پێنج، پینج بە پێنج یا شەش بە شەش و زیاتر. لە یەکەم چوارگۆشەدا، پیتی ئەلیف و لە دووەمدا پیتی (بێ) هەتا گشت خانەکان پڕ دەبن لە پیت. بە وێنە، هەر کەسێ ئەگە سێ پەلەپیتکە و دوایی چواری لێدا، واتە ئەو پیتەی مەبستە کە لە خانەی سێیەم لە ریزی چوارەمی خشتەکە بەم شێوەیە، پیت بەپیت وشەکان دەچێندرێت. ئەو مرۆڤە تەنیایانە دەنگوباسیان دەگەیەننە دەرەوەی گرتووخانە و هەندەران".

ئەو چیرۆکەی، کە ئامارەمان پێکرد، چیرۆکێکی رەمزییە و لە شێوەی جفرەیەك دروست بووە و رەمزی مانەوە و گەیاندنی هیوا و ئاواتە لە دوا ساتەکانی ژیاندا، چونکە قارەمانی چیرۆکەکە چاوەڕوانی مردنی دەکرد و بڕیاری لە سێدارەکانی بۆ دەرچوو بوو. هەوڵ و تێکۆشانێکی بێ وچانە بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجی هەرە گەورەی، لەپێناو سەربەستی و رزگاری دژی زۆرداری و دیکتاتۆریەت و خوێنمژی، چونکە ئەگەر وانەبێت بۆ بە رەمز و جفرە بوونی خۆیان و هیوایان بە ژیان بۆ یەکدی بسەلمێنن؟ وا دیارە ئەو نامەیەی، کە لە ئەورەحمانەوە پێگەیشتبوو ئەویش لە شێوەی جفرەدا بووە، وەك چۆن ئەوەی لە چیرۆکەکەدا هاتبوو، کاتی خۆشی هەر ئەورەحمان ئەو چیرۆکەی دابوویێ، بۆ خوێندنەوەی و فێربوونی ئەو جفرەیە، واتە زمانی نهێنی چونکە دەڵێ: "دیارە، ئەمیش کەڵکی لە ئەلف و بای چیرۆکەکە وەرگرتبوو، بێگومان هەرواشە".

دەلالەتێکی دیکەی ئەو چیرۆکە ئەوەیە، کە مەزن و گەورەیی مرۆڤ پیشان دەدات، کە زۆر ستەمە لە چرکەیەکدا بخرێتە ریزی نەبوونەوە و ناوی بسڕێتەوە، بە تاکە وشەیەك بژیت و بە تاکە وشەیەکیش زیندەبەچاڵ بکرێت!! ئێمە رۆژانە قسەیەکی زۆر و زەبەندمان لە دەمدا هەڵدەوەرێنین،

بەڵام چەندیان سەنگێکی ئەوتۆیان هەیە و پیرۆزیەکی تێدا بەدی دەکرێت؟ وشەیەکی کرداری پراکتیکی تێدابێ و هاوسەنگ بێ بۆ کرداری، لە راستیشدا وایە ئێمە لە دنیای سێیەمدا زۆر قسە دەکەین و کێش و وەزنی قسەکانمان زۆر قورسترە لە کردەوەکانمان، قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە، بەڵکو کردار گرنگە و ئێمە قسە و قسەلۆکمان یەکجار زۆرە، بەڵام هەروەك دەڵێن: جۆگەیەك هەڵنابەستین، ئەگەر هاتوو قسەکانی رۆژانەمان تۆمار بکەین رەنگە کتێبێکی مام ناوەندی لێ بێتە بەرهەم و خۆ ئەگەر لە ساڵێکدا بێ دەیان کتێبی لێ بێت بەرهەم. هەروەك نووسەر دەڵێ: "ئەمانە گشت ئەوە دەسەلمێنن، کە ئەورەحمان لە سەرەمەرگدا وەك قارەمانی چیرۆکەکە، هەردەبێ دەمی کردبێتەوە، بێگومان وشەکانی، پشکۆ، چقڵ، کێرد، بوومەلەرزە بوونە، ئەورەحمان بە راستی نەبەز بووی، لە یادتا گەرووی وشەکانم دەتاسێن. لەلایەکی دیکەشەوە، دوژمنکاری و سەرسەختی دوژمنەکەمان بۆ دەردەکەوێ کە تا چەند زۆردار و ستەمکار و دیکتاتۆر بووە بەرامبەر بە رۆڵەکانی و بەردەوامی داوە بە چەوسانەوەی میللەت، هەروەك یەکێك لە ئیمپراتۆرە کۆنەکانی مەکسیك لە یاداشتی هەڵبژاردنیدا، بە دەنگدەرەکان دەڵێ: (چاکە، چاکە، ئیتر مەترسن گشت بەیانییەك هەتاوتان بۆ هەڵدێنم). ئەوانیش متەقیان نەکردووە".

دیارە ئەمە گەمەکردن بووە بە هەست و نەستی ئەو جەماوەرەی، کە پاڵپشتی بوونە و دەنگیان بۆ داوە و لە دواییشدا بە زۆرداری خۆی سەپاندۆتە سەریان و حوکمی خۆی بە شێوەیەکی دیکتاتۆریانە دەسەپێنێ، بێ ئەوەی میللەت تازە بتوانێ بەرپەچی بداتەوە، ئەگەرنا کەس نییە بتوانێ رۆژ هەڵبێنێ؟!

راستە دەگوترێ: "ئەم ژیانەی ئێمە دانیشگایە، ئەم برسێتی و دەربەدەریەمان ئەلف و بێی وانەکانی سەربەستییە... ئێمە لەم وەزع و حاڵەماندا چێژ لە هەردوو لایەنەکان وەردەگرین، یەکەمیان وەك پیت و وشە، زاخاوی مێشك پەرە بە رۆشنبیری خۆمان دەدەین، دووهەمیش ناوەرۆك و مانای وشەکان بە قەوارە حەقیقەکە، دەبێتە خوێنی رەفتارمان... سەد ئافەرین بۆ ئەو کەڵە نیشتمانپەروەر و نەتەوە پەرستەی ئەڵمانیا، کە فەرموویەتی: کۆیلایەتی چاکترین قوتابخانەیە، تاکو لەوێدا لەگەڵ فێری وانەکانی سەربەستی دەبێ".

رۆمانی (بوهژین) :

ئەو رۆمانە سەرەرای ئەوەی کەلەپوورێکی زۆری میللی کوردەواری تێدا تۆمارکراوە و گرنگییەکی تایبەتی بە هەندێ لە لایەنەکانی کەلەپووری داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆر لایەنی دیکەشەوە، لایی کردۆتەوە بە کەلەپووری میللەتانی ناوچەکە و بێگانەکانەوە، وەك کەلەپووری ئەدەبی بێگانەکان، وەك: عەرەب و فارس و تورك و ئینگلیز و باقی دیکەی بێگانەکان، کەوا دیارە رۆمانەکەی پێ رازاندۆتەوە و زیرەکی رۆماننووسی پێوە دیارە، کە ئەویش بۆ سوود وەرگرتن و ئیلهام وەرگرتن و مەزراندنی هەندێ لەو لایەنانەی کەلەپوورە، بەڵام هەندێکیان لەشێوەی ئاماژەیەکی خێزان و بەخێرایی بەسەریاندا تێدەپەرێ، بۆ نموونە لە شوێنێکدا دەڵێ: "شەڤێت زستانا... تا سێ پشکی شەڤدارونێت ل رەخ کوچکی و پاش ل دەوروبەرێت صوپەی و کتێبا

(فتوح الشام) و(فتوح اليمن) و ڤەدخوندەڤە، چیرۆکا عەنتەری و (أبو زید الهلالی) و رۆستەمی و شاهنامە ڤەدگێرانەڤە، گەلەك ناڤێت پالەوانێت وان چیرۆکایێ دکو بریتی یا مێشکی وی دا ماین وەکو رۆستەم و زۆراب و خالد و عومەر و میرزا حەمە و گەلەك ناڤێت دیکە ژی ناڤێت پالەوانا کارل سەروان مرۆڤا دکر گوهێ خۆددا چیرۆکا – چیرۆکیت (ألف لیله ولیله) خۆ هەمی شەڤا بوو دەمەکێ درێژدا گۆه دەنێ.

کەوابێ ئەو بەرهەمانەی، کە رۆماننووس، خوێندوویەتیەوە، یان گوێی لێبووە لە گەورەکانی خۆی لە شەوانی گوێ ئاگردان و بەر سۆپای دار، زۆربەیان لە دەوری ئازایەتی و نەبەردی و وانەی ئارامی و دان بەخۆدا گرتن و ژیاننامەی میللی و دەرس وەرگرتن لە ژیانی رۆژانەدا، ئەو بەرهەمانەی، کە رۆماننووس، ئاماژەی بۆ کردوون بریتین لە کەلەپووری عەرەب و فارس و کەلەپووری هاوبەشی میللەتانی ناوچەکە بەهەموو میللەتانەوە، کە زۆر کاریگەری هەبووە بەسەر رۆشنبیری رۆژئاوادا جێهێشتووە، گومانیشی تێدا نییە هەرچەندە ئەمانە لە شێوەی ئاماژەدان، بەڵام لە رووی روخساری رۆمانەکەوە بەشداری لە گێرانەوەی ئەو بەسەرهاتانەدا کردووە، کە بەسەر ژیانی تایبەتی پاڵەوانی رۆمانەکەدا هاتووە و پەند و دەرسی لێوەرگرتوون. لەلایەکی دیکەشەوە ناساندنی ئەو بەرهەمانەیە بە خوێندەوارانی کورد بۆ سوود لێوەرگرتنیان.

رۆماننووس لە شوێنێکی دیکەدا، ئاماژە بە هەندێ بەرهەمی دیکەدا دەکات، کە خوێندبێتیەوە، هەروەك خۆی دەڵێ بە ژاکی من نەمدەزانی مەبەست و ئامانجی وان چی بوون لە مەڕ بەرهەمەکانیان، ئەمەش ئاماژە کردنە بە چەند بەرهەمی چەندین ناوداری جیهانی و تێکەڵ بە گێرانەوەی ناو رۆمانەکەی کردووە و دەڵێ: "گەلەك چیرۆك و رۆمانێت دوماس و سۆمەر ست مۆم و دیستۆفسکی ناسین... زۆربای کازانتزاکی و رۆمانەکانی میشاڵ زیڤاگۆ خوێندڤە... سیمۆن دی بڤار، جان پۆل سارتەر و ئەلبیرتۆ موراڤیا ژی ناسین، هەرچەندە ب چاکی نەدزانی بوو چوون و مەبەستێت وان چنە... هەرچەندە بوو کو مەزنە دکرب تنێ روممیت و هەر شتێ دکەتە دەستی ڤە دخویندڤە... (بدائع الزهور فی وقائع الدهور)، (قصص الأنبیاو)، (تفسیر الجلالین)، (یاداشتەکانی حسن البناو)، (قصص الإیمان بین الفلسفه والعلم والقرئن) و گەلەك کتێبێت دیکە کو دجفرا ئول و ئایینادا دزڤرین ڤە دخوێندڤە ئاخافتنا زۆربای هەر ل بەرچاڤا بوو.. کو دبیژیت: (ئەگەر لکەیف خۆش یێ یان ژی دخەمێ دابێ دەبیا داوەتێ بکەی.. شایێ و رەقسا بکەی.. شیا ئەو بخۆ خۆ بگۆڕێت.. گوهێ خۆ نەدەتەوان – ئشتێشهێشتا وەزعی وی تێك دەدا.."

ئەو کتێبە کەلەپووریە ئەدەبیانەی، کە رۆماننووس لەسەر زاری (سەعید)ی پاڵەوانی رۆمانەکە ناویان براوە، بەرهەمی هەندێ لە کەڵە ئەدیبانی عەرەبی و جیهانین، دەربارەی فەلسەفە و عیلم و مەعریفە و ئایین و زانستی ترن، کە ئەمانە مێشکی مرۆڤ فراوان دەکەن و زاخاوی دەکەن و پەرە بە رۆشنبیری مرۆڤ دەدەن، بۆیە رۆماننووس هەروەك دەردەکەوێ مرۆڤێکی تا رادەیەك رۆشنبیر بووە و هەرچی دەست کەوتووە خوێندوویەتیەوە، هەرچەندە خۆشی دان بەوە دادەنێ، کە هەندێ جار لە مەبەست و ئامانجی بەرهەمەکە نەگەیشتتوە، ئەو بەرهەمانە ورە و ئارامی و ئاسوودەیی پێ

بەخشیون، چونکە (سەعید) سەرەڕای ئەوەی ئیشی کردووە بۆ دابین کردنی قوتی رۆژانەی، بەڵام زیاتر بۆ ئەوەبووە کە بەردەوامی بە خوێندنەکەی بدات لە کۆلیژی نوژداری بۆ تەواو کردن و بە دەستهێنانی بڕوانامە و خزمەتکردنی بۆ گەل و نیشتمانەکەی.

رۆماننووس هەر لە رۆمانی بوهژین دا سەبارەت بە بیر و باوەڕی ئێزیدییەکان هەندێ شتمان بۆ روون دەکاتەوە، کە لێرەو لەوێی گوێ لێبووە، کە هەندێکیان رەنگیی هەڵەبن ە هەندێکی تریشراستی بن، بۆیە نووسەر هەردوولایان دەردەخات و هەندێ لە راستی بیر و باوەڕی ئێزیدییەکان نزیك دەبێتەوە، بەهۆی هاوڕێیەکی بەشی ناوخۆیی، کە ناوی سلێمان بووە، هەروەك روون و ئاشکرایە، ئێزیدییەکان کوردی رەسەنن و لە رووی داب و نەریت و شێوەی ژیانیان تەواوله کوردیموسڵمان نزیکن، بەڵام لە رووی هەندێ لایەنی بیر و باوەڕەوە جیاوازن و نووسەر ئەو بیر و باوەڕەمان بۆ دەردەخات و تا رادەیەك لە بیر و باوەڕیان ئاگادارمان دەکاتەوە و تێکەڵ بە گێڕانەوەی ناو رۆمانەکەی کردووە، کە ئێزیدییەکان، هەروەك لە هەندێ مەلای گوێ لێبوو، کە ئەوانە پیسن، خۆناشۆن، سەرێ خۆ چاك ناکەن و هەندێ شت دیکە، هەروەك دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

ئەو دگەل پێنج کەسێ دیکە ل ئۆدەدا بوون چار کەس پێنج کەسێت ل یەك ئۆدەدا بوون چار کەس خەڵکی شارێ بچیکی وی بوون. ئەوێ دی خەڵکی باژارەکێ دیکەی بچیك بوو. کوڕەکە موسڵمان نەبوو.. ئێزیدی بوو.. گەلەك ئاخافتن گۆ هەلێ ببوون دەربارا ئێزیدیا.. مەلا و خەڵکێ دگۆت ئێزیدی د هۆسانە و دهۆسانە.. دپیسن.. خۆ ناشۆن، سەرێ خۆ چێ ناکەن.. خوینا موسڵمانا ڤە دخۆن ئەگەر ب دەست کەڤیت.. هندەکا ژی دگۆت.. نەوەسانە بەڵکو ئەگەر بینە کریڤ دگەل موسڵمانا ئەڤە حالێ خۆ دگەل ژیانا خۆ درێکا کریڤێ خۆدا بەرددەن و دکەنە قوربانی.. لێ پاپۆ نەشوشتن و پیسیێ هەمیا ئەو ئاخفتن دگوتن کریڤ ژی ئەوەکو زارۆکەکێ ئێزیدیا دکۆشا موسڵمانەکێ دابێتە سونەت کردن.. ئەڤ ئێزیدی دگەل واندا پتر ژوان خۆ دشوشت و پاکژ رادگرت چو ئاخافتنێت چەوت.. نەدگوتن.. ئاخافتناوی ل ئاخافتنا سەعیدی و هەڤالێت وی کورت تر بوو.. ئەو ل وان ساخلەم تر و پر سوز تر بوو بۆ کوردینیێ.. سەعید و هەڤالێت وی حەزکرد زید تر ژ ئیزیدیاتیێ تێبگەهن پرسیار ل (ئەلیاسی)دکرن.. لێ پا ب راستی پەرسڤ نەدداڤە.. نزانە دوێرا یا ژی نەدزانی، سەعیدی گەلەك حەزدکرد هەموو تشت ژی ب بزانیت ب تنێ دگەل (ئەلیاسی) روودنیشت و دگەل ئاخفت بەلێ (ئەلیاسی) چو ددەستانەدنا.. گەلەك جار دگوتێ:

– دیارە ئەلیاس تو چ ل ئایین و ئۆلای خۆ نزانی؟ ئەلیاس ب پێکەنین ڤەدگوتی: ئەم هەڤالین، ئۆلی چ مەسەلا هەیە هەمیا ئەڤ ولاتە دڤیت و مەیەك بیروباوەڕێت هەین.. ڤان مەسەلا چ لێیە..؟! ڤێ پەرستێ هەمی رێکێت پرسیارا دگوتن. لێ پا سەعید یێ وەسانییە. کو ب پەرسڤەکێ رازی بیت.. کتێب پەیداکرن و ڤە دخوندەڤە.. ئەو ژی بو ئاشکرا بووکو ئێزدیا ب خۆ چو ل دەربارا ئۆل و ئایینێ خۆ بۆ خەلکی نەگوتییە و نابێژن. هەر ئەو تشتێت دیارن کو هەندەك نفسەڤان ژروڤەدکەن و هندەك بیروهزران ل سەروان تشتا دادنێن دیسان ناچن ل دیرۆکێ ب گەڕێن و بزانن ئەڤ مرۆڤەچنە.. بۆچی دبێژن شەیتان پەرستن ل پاش پشکنینەکا چاك ئاشکرابوو ل جەم سەعیدی کو

باوەڕیـان وان یـا ب دوو هێـزا روونـاهیێ و هێـزا تـاریێ خێروچاکی و روناهی هـەر دپاکـژن و هـیچ دەمەکی خراپییێ بۆ خـەڵکی نـائینن، بـەلێ هێـزا شـەڕ و خراپیێ وتـار و رەشـیێ زیـان و نەخۆشـی و خراپییێ بۆ مرۆڤا دئینن.. ل بەر وێ هندێ کو چۆ خراپیا بووان نەئینیت ئەڤە ژی باوەڕەکا گەڤنە و دگەهیتە سەرەتا و دروست بینا بیر و برواێت ئولی پێش هەزارەها سال.

لەمەی رابردوودا بە یەزیدییەکانەوە و هـەروەك ئاماژەمـان پێکرد، کـە یەزیدییـەکان بەشـێکن لـە پێکهاتەی کورد، بەڵام لە رووی بیروباوەڕەوە جیـان و مەزهـەبێکی تایبـەتیان هەیـە، رۆمـاننووس لـە گێڕانەوەی رۆمانەکەیدا لەسەر زاری (سەعید)ی پاڵەوانی رۆمانەکەدا بەشداری پێ کردووە.ئەمەش لە چەند لایەکەوە سوودی هەیە:-

١. سوودی ئەوە، کە تارادەیـەك شـارەزایی پەیـدا دەکـەین لەمـەڕ بیروبـاوەڕی یەزیدییەکانـەوە، کە ماوەیەکی باش بوو، هیچ شتێکمان دەربارەیان نەدەزانی.
٢. ئەوەی دەربارەی یەزیدییەکانەوە گوێمان لێ دەبێت، مەرج نییـە، کـە هـەمووی هەڵـە بێـت و هـەر هەمووشـیان راسـت بـێ، چـونکە ئـەو کتێبـەی هەیانـە بـەناوی (مصـحفی رەش)، کـەم کـەس هەیـە بتـوانێ بیخوێنێتـەوە و بتـوانێ شـرۆڤەی بکـات، هـەر لەبـەر ئەوەیـە کـەم شـت بزانرێت دەربارەی ئایینی یەزیدییەوە.
٣. سـوودی دیکـەی ئەوەیـە، کـە بەشـدارییەکی چـالاکی لـە گێڕانـەوەی رۆمانەکـەدا کـردووە و بەشـداری لـە نێـوان کەسـایەتی پاڵـەوان (سـەعید) و کەسـایەتی یەزیدییـەکان (ئـەلیاس)دا کردووە، بۆیـە ئـەو جـۆرە بیروباوەڕانـە لـە کۆنـەوە بـۆ ئـەو ئایینـە ماوەتـەوە و هەرشـتێك لـە کۆندا، ئەگەر زیانی بە مرۆڤ گەیاندبێ، بە پیرۆز زانـراوە و پەرسـتراوە مـرۆڤ دەسـتەونەزەر بەرامبەری وەستاوە.

ژیاننامـەی پاڵـەوانی رۆمـانی بوهـژین (سـەعید) لـە شـێوەی درامایـەکی تراژیـدی دابـووە. هـەردەم خـۆی بـە نـامۆ زانیـوە" چونکە ژیـانی بـەردەوام لـە دەردەسـەری و هـزرو بیری نیشـتمانی و نەتەوەییـدا بـووە و ئـێش و ئـازارێکی زۆری لێیـەوە چەشـتووە و خـۆی بـە درامایـەکی تراژیـدی جیهانی چواندووە و هەندێ جاریش بە درامایەکی تراژیدی کوردەواری و لـە شیعریشـدا خـۆی بـە خوێندنـەوەی و نووسـینەکانی (ئـەدگار ئەکـەن پـۆ) و (قـانع) و (بێکـەس) و (خـانی) و (جزیـری) خـەریك کـردووە. هـەروەك چـۆن درامـای مـەم و زینـی خـانی و بـێ نـەوایانی ڤیکتـۆر هۆگـۆ و چیرۆکنووسە رۆمانسیەکانی فرەنسا، کە بە خامەی مەنفەلوتی نووسەری میسری هاتوونەتـەوە وەرگێـڕان و (ماجـدولین) و (ڤ سـبیل التـاج) ئـەم ژیانـەی وەك ژیاننامەیـەك (سـیرە) و لـە جـۆری ژیاننامەی خودی خۆی لە بـەرگری پاڵـەوانی رۆمـان (سـەعید)دا رەنـگ دەداتـەوە و بەشـێکی ژیـانی خۆی کردۆتە درامایەك و خۆی تێدا بینیوەتەوە و لە ئێش و ئازارێکی زۆردا، ژیـانی گوزەراندووە. کە لە توانا و وزەی خۆی بەدەربووە، هەروەك دەگێڕێتەوە و دەڵێ: (چەند جارێن تووشی نەخۆشـی و ژان و ئازاربن، ل بەر هزر و بیرێت نیشتمانی نەتەوەیی تووشی دەردەسـەریێ بـن.. هـیچ دەمـەکێ روندکەکا وی نەهاتییە خارێ و نەگۆتییە ئای گیانو.. بـەلێ ل ڤـی دەمـێ دومـاهیێ داڤـێ ژیانـاوی

ببووه درامايەك.. ل وان دراماييێت ئەگەر کەسەك ڤەخوينيت دێ چاڤێت وی تەژی روندك بن ل بەروی حالەتێ قارەمانێ چیرۆکێ تێدا.. حاڵەتی میلۆ دراما ئەو قەهرەمانێ وەسا دەهێننە بەرچاڤ کویێ بەلەنگازە و هەژی وێ دویر نەبوو، بەڵکو دەمێ دەست بەخویندنا چیرۆکا کری جارائێکێ بۆ تراجیدیا (مەم و زینا) خانی کرە گری، هەروەها (بێ نەوایێت ڤیکتۆر هۆگۆی د برسانا نان د دزی و دبییە تاوانبار، مەودایەکی درێژ خەو ل چاڤا دویرکەت ل دەمێ چیرۆکێت رۆمانسیێت فرەنسی کو ب خامەی (منفلوگی) هاتبووە وەرگێران بۆ زمانی عەرەبی (ماجدولین) و (ڤ سبیل التاج) هەر ئەو ژی بو دگەل سەیدای زمانی عەرەبی (ڤ سبیل التاج) ئامادەکردبوو بۆ شانۆیێ وی دەورە کێ ئەکتەریێ چاك دڤێ تراجیدیایێ وەرگرتبوو، هێشتا قوتابی کلاسا پێنجێ سەرەتایێ بوو سەعید ل ژیانەکا دراماییی دا دەژیا.. شیعر و نڤیسینێت (ئەدگار ئەلەن پۆ)ی ئەمریکایی ڤەدخویندن و پێ خۆش بوون.. (قانع)ی هۆزانڤان ب سەرکێشی هۆزانڤانێت زەحمەتکێش دناس و (بێکەس) ژیێ نیشتمان پەروەریێ و جزیری و خانی ژی سەرکێشێت هۆزانا کوردی دزانین...) .

سەعیدی پاڵەوانی رۆمانی بوهژین، وا دیار دەکەوێ، کە لە چینی رەش و رووت و خوارەوەی کۆمەڵەکەیدا بووبێت و لە ژیانێکی بەلەنگاز و هەژاری و ژیانی میللییدا زۆر نزیک بووە، بێ وچان لە هەوڵ و کۆشش و کارکردندا بووە و بۆ ئەوەی بگاتە ئاوات و ئامانجی تایبەتی خۆی، سەرەڕای ئەوەش بەردەوام لە هزر و بیری نیشتمان و نەتەوەکەیدا بووە و زۆری ئازار پێیەوە چەشتووە لەگەڵ ئافرەتانیشدا زۆر هەستیار بووە بەتایبەتی (هەیفا) کە بینینی ئەو تەنیا کەس بووە کە بتوانێ دەردی دڵ و کۆڤانی خۆی بۆ باس بکات.

هەر لە رۆمانی بوهژیندا، رۆماننووس ئەوە دەگێڕێتەوە، کە پاڵەوانی رۆمانەکە (سەعید) هەندێ جار حەزی لە بینینی هەندێ فیلمی عەرەبی و ئینگلیزی و هەندێ جاریش هیندی، کە بێگومان بینینی ئەو جۆرە فیلمانە، رەنگدانەوەی باری دەروونی ئەوسای بوو، کە لە بارێکی دەروونی ناخۆشدا دەژیا و گێڕانەوەی ئەو جۆرە حاڵەتە دەروونیانەی پاڵەوانەکە، بەشداری کردنی گێڕانەوەی رۆمانەکە بووە، کە ئێش و ئازاری پاڵەوانەکەی نیشانداوە، کە دەڵێ: "ژ لۆقنتێ دەرکەوت و کەتە سەر جادێت شاری مەزن د بەر سینەمادا چوو – تەماشای وێنە شکلا دکر چ جۆرە فیلما بینیت.. هەمی فیلم چیرۆك و سەرهاتینە نڤیسەڤانەك دنڤیسیت و ئەکتەر و دەرهێنەر دکەنە فیلم و نیشانا خەلکی ددەن.. ئەو فیلمێت ل باژەرا دهاتنە نیشاندان یان عەرەبی بوون یان ژی ئینگلیزی هندەك جارا ژی ئینگلیزی هندەك جارا ژی هیندی.. ل سەرەتا سالا شێستا فیلمێت ئینگلیزی د رەنگاورەنگ بوون و هەروەها هندەك فیلمێت هیندی.. بەلێ فیلمێت رەنگی ب زمانێ عەرەبی گەلەك دکێم بوون.. فیلمێت عەرەبی هەمی ل سەر ژیانا لاڤژە بێژان بوون.. (محمد عبدالوهاب) و (فرید الأگرش) و (عبدالحلیم حافڤ) ژی دەرکەوت و گەلەکێت دیکە ژی.. سترانێت وان فیلما دناڤ خەلکی دا بەلاڤەدبوون و زاروکا ل کۆلانا دگوتن.. وەکی سترانا (صباح)ێ.. (دخله عیونك حاکینی) و (بساگ الریح)ی (فرید الأگرش)ی بەلێ فیلمێت ئینگلیزی هەمی شەڕە دەبانچە بوون.. تێکساسی.. هندەك فیلمێ ژی کەنیێ هەبوون، بەلێ کەنی و کۆمیدیا عەرەبی گەلەکا خۆش

بوو.. دێ شێ بێژی پشکا پترێ ل وان فیلما وەکو ئێکن، بەلێ دەرهێنەر گەلەك فایدە لە فۆلکلۆر و کەلەپوور و سروشتی هندێ دکەن ل هەمی لایەکی و فیلمێت وان پێ جوان چاك دبن.. ل وی رۆژی.. سەعیدی حەز دکر کو دگەل فیلمەکا وەکی (دایکی هندستانی) هندەك روندکا داباریندیت...".

ئەو بەرهەم و شاکار و ئەکتەرە ناودارانەی، کە رۆماننووس لە سالانی شەست و حەفتاکانەوە بە بیری هێنایەنەوە، بەرهەم و شاکار و ئەکتەری ناوداری عەرەبی و هندی و میللەتانی دیکەن، کە هەندێکیان بۆ دڵدانەوە و کات رابواردنە و هەندێکی دیکەشیان بۆ رەخنە و تەنزی کۆمەلایەتین، کە بە شێوەیەکی کۆمیدی پێشکەش دەکرێن و هەندێکی دیکەشیان تراژیدین و بە شێوەیەکی تراژیدی و درامی کۆتاییان دێت و خەڵك دێننە گریان و حاڵەتێکی دەروونی ناخۆش، بۆیە سەعید زۆربەی ژیانی لە فیلمێکی هندی دەچوو، هەروەك خۆی دەڵێ: (بابەتی هەژاری و زوڵم و چەوساندنەوە و غەدر لێکردن و ماف خواردن بە دەستی دەوڵەمەند و ملەستورەکانەوە، هەر بۆیەش (سەعید) چێژی تایبەتی لەو فیلمانە وەرگرتووە و تارادەیەك دەروونی لە فۆلکلۆر و کەلەپووری ئەو میللەتانە بینیوە لە هێزی خێر و شەڕ و داب و نەریت و رەوشت و بیروباوەڕی تایبەتیان و زۆر شتی دیکەشەوە.

رۆمانی (کۆردەرە):

ئەدەبی گەشتنامە:

ئەدەبی گەشتنامە و یاداشت و ژیاننامە، ئەوانەی کە باس لەخۆ بکات تازەن و لە ئەدەبی کەلەپووری کوردیدا نموونەی زۆری نییە و دەگمەنە. رەنگە ئەگەر هەشبێ ئەوا بڵاونەکراونەتەوە، ئەگەر گەیشتبێتە ئێمەشەوە، رەنگە نەمان بینیبێت.

گەشتنامەش چەندین جۆری هەیە، هەیە بە شیعر و هەشە بە پەخشان نووسراوەتەوە، هەندێك بە شێوازی رۆژانە (یومیات) هەندێکیان لە شێوەی نامە ناردن. شێوازی گەشتنامە بەگشتی هەروەك بیمار ئاماژەی بۆ کردووە، لەسەر کۆڵەگە بنیات نراوە:

"یەکەم/ تۆمارکردنی بینین و گوێ بیستن و بەڵگەنامە کۆکردنەوە، دووەم/ وەسف کردن و دارشتنێکی ئەدەبیانە".

لەم بارەشدا گەشتنامە پشت بە سەرنجێکی ورد و زیرەکانە هەیە، هەروەها جەمال رۆڵێکی زۆر گرنگی تێدا دەگێڕێ، ئەگەر هاتوو باسەکە، باسی وەسف و وەسفی سروشت و گەردوون و هەندێ شتی ترەوەبێ، کەوا کاریگەریان لەسەر نووسەر دەبێت و ئەدەبیش لەلایەنی خۆیەوە، بە هەست و سۆزی خۆیەوە رەنگاورەنگیان دەکات و لە دڵ و دەروونیشەوە گۆڕانێکی باشیان بەسەردا دێنێت. بەڵام لە رۆمانی کۆردەرەدا ئەگەر ژیاننامەی خودی رۆماننووسیش بێت، کت و مت ژیاننامەی تایبەتی خۆی نییە و ئەو هاتووە گۆڕانی لە ژیاننامەی خودی خۆیدا کردووە، پاڵەوانی رۆمانەکە لە خێزانێکی هەژارەوە هاتۆتە دنیاوە و ئەکبەری پاڵەوانی رۆمانەکە کۆلیژی ئەندازیاری بەشی بیناسازی (مەعماری) لە زانکۆی بەرلین تەواو کردووە، کۆتایی ژیانی لە دەرەوە بەسەر بردووە و

هەر لەوێشدا بە غەریبی سەری ناوەتەوە و کۆچی دوایی کردووە. بەڵام ژیانی نووسەری ڕۆمان، لە خێزانێکی دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوو، سەبارەت بە خوێندنیشی، ئەمەیان ڕاستە، کە دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری مەعمارییە، بەڵام دەرچووی بیناسازی تەهرانە نەوەك بەرلین.

**٢-٢: شار و وڵاتانی دراوسێ و بیانی لە گەشتنامە و ژیاننامەی نووسەر لە ڕۆمانی کۆردەرەدا:**

نووسەر بە زۆر شار و وڵاتاندا گەڕاوە و لە کاتی دیتنی هەریەك لەو شوێنانە بە وەسفێکی ورد وەسفیان دەکات و وەسف بۆتە تەکنیکێکی ناو ڕۆمانەکە و پانتاییەکی زۆری لە ڕۆمانەکەدا داگیرکردووە. ئەمە سەرەڕای گێڕانەوەی ئەو شەکەت و ماندوو بوونە لە کاتی ڕووداوەکانیدا بە تێروتەسەلی دەیانخاتە بەر دیدی خوێندەواران، کەوا هەست بکەن لە میانی ئەو وەسف و گێڕانەوەیدا، بە چاوی خۆیان ئەو شوێنانەیان بە چاوی دڵی نووسەر ببینێت. هەروەك دەڵێ: "کۆنە هەواری بەعلەبەگ لە لوبنان بە شوێنێکی کۆنی ئەو وڵاتە دەژمێردرێ، کە دوای سەدان ساڵ لە کات و زەمان و دیاردەی سروشتی وەك باوبۆران و بوومەلەرزە، هەزاران داگیرکەرانی خوێن ڕێژ و ڕووخێنەر.. هێشتا پایە و کۆڵەگەکانی زەمان ملی پێ دانەنواندووە، پایەکان شاب بە شانی یەکتر دڵ خۆشی یەکتریان دەدایەوە، وەك بە یەکتر بڵێن گوێت لە هاژەی با و فشە و هوشەی زەمان نەبێ، ئێمە لەگەڵ یەکدا پێکەوە وەك یەك پایە بار هەڵدەگرین و دەمێنینەوە. هەروەها ڕۆماننووس لەو کاتەدا دەڵێ: (نازانم بۆچی پردەکەی ئەلوەنم کەتەوە یاد...؟ خۆ دەمزانی لەگەڵ بارودۆخی مەعماری بەعلەبەگدا بەراوردناکرێ!!).

بەعلەبەگ هونەر و زەرافەتی لێ دەبارێ... تاشەبەرد جوان داتاشراوەکانی، مرۆۋ بە دژواری دەیسەلمێنێت، کە بەهێزی بازووی مرۆۋ دروست کرابێت، دەبێ هەزاران کرێکار و کۆیلەیان گلێر کردبێتەوە تا (ئەنتۆنیۆس)ی فەرمانڕەوا پەرستگای جۆپیتەر دروست بکا و خوداوەندی لێ ڕازی بێت..!! ئاخۆ چەند کۆیلە لەژێر تل و دەوەن و گابەردا پلیشابێتەوە؟! دەبێ چەند هەزار جار قامچی یاساوڵەکان ئاگری لەسەرپشتی کرێکاران کردبێتەوە و هاواریان لە قوڕگدا خنکێنرابێ..؟!!" .

هەر سەبارەت بە گەشتەکە، نووسەر دەڵێ:

سەبری تەلەفۆنی کردبوو تا تەلەفۆنی بۆ بکەم.. ئێوارە یەکترمان دی وتی:

– دووسبەی کەشتیەکە دەگاتە بەندەر و تۆ و چەند کەسێکی تر سواردەبن و بەرەو ڕۆمانیا، دەڕۆن. لەوێ برادەران کاروبارت پێکدێنن.. ئەو کەشتییە خەڵکێکی زۆری تێ ترنجابوو، دەرزیت هەڵدایە بە زەوی نەدەکەوت.. هەموو میللەتانی تیا گلێر بووبووەوە، بە نۆرە دەخەوتین، بە نۆرە نانمان دەخوارد، چێشتخانەکەی بە شەو و بە ڕۆژ کاری دەکرد، پیا ڕانەدەگەیشت. خەڵکەکە میللەتانی جۆراوجۆر بوون، بە نوێنەرانی گەنجانی وڵاتانی خۆیان لە قەڵەم درابوون، دەڕۆیشتن بۆ میهرەجانی گەنجانی جیهان لە پۆڵەندە. دوای دوو سێ ڕۆژ دەریا پێوان گەیشتینە دوورگەی (ڕۆدس)، دوورگەیەکە سەر بە وڵاتی یۆنان و بەرەو دەریای ئیجە و دەردەنیل بەڕێکەوتین،

دەوروبەری شاری ئەستەمبوڵ وەك ئافرەتە جوانكیلە داگیركراوەكانی نێو كۆشكەكانی ئەوسای پاشاكانی عوسمانی دەیان نواڕییە هاتووچۆی كەشتی و پەلەوەرە دەریاییەكاندا.

ئێمەش لە هەردوولای كەشتییەكەوە دەمان نواڕییە دیمەنی شار تا دوور نەكەوتینەوە هەرنووكی منارەكانی دیاربوون لە تەنگەبەری بسفۆڕ تێپەڕین و گەیشتینە دەریای رەش. دوای حەوت رۆژ گەیشتینە بەندەری (كۆستانزا)ی رۆمانیا، كە پێشوازییەكی فرە رازاوەیان لێكردین. بە میوانی دەوڵەت لە قەڵەم دراین، تیپی مۆسیقای كوڕان و كچان هەڵبژاردە بووبوون بە چاوساخمان، دوای بەخێرهاتن و پێشوازی بەرەو جێگای حەسانەوە بەڕێیان كردین.

هاژە و كەف چەڕاندنی كۆردەرەم لابوو بوو بە نوزاندنەوە و تووڕەبوونی مندالێكی لاسار.. كاتێك شەپۆڵە كێو ئاساكانی (دەریای رەش)م بەم چەشنە خرۆشاوییە دی..!! یان وەك گورگی برسی دەیلووراند و دەریاش لرفەی دەهات و سەرخۆشانە گێژی دەخوارد.. رەهێڵەی باران چۆن تەیمان لە ئاسمان دەهاتە خوارێ.. هەرسات بە تەمابووم (بو زیدون) بەخۆی و رمە سێ نوكەكەیەوە دەریا شەقكا و بشلەقێنێ و سەر لە چەقی دەریا بهێنێتە دەرەوە و شادەماری كەناری دەریاش بگرێتەبەر..!!.

.. دوای دوو مانگی رەبەق چاوەڕوانی لە زانكۆی بەرلیندا وەرگیرام لە رشتەی (معماری)دا. بەرەو ئەڵمانیا بەڕێكەوتم.. ترسم لێ نیشتبوو تووشی دژواری و سەختی ببم، بە پێچەوانەوە بێ هیچ گرفتارییەك بە ئاسانی لە (داخلی) زانكۆدا جێگەم كرایەوە و لە پۆلی زمانی ئەڵمانیدا ناونووسكرام و سەخت خۆم بە فێربوونی زمانی ئەڵمانییەوە خەریك كرد.. دوای شەش مانگ، هاتووچۆی پۆلی زمان و زمان فێربوون، بۆ یەكەمین جار لەسەر تەختەی كلاسی رشتەی (مەعماری) دانیشتم.....

كریستین كچە هاوپۆلێكم بوو، زۆربەی كات بەیەكەوە بووین، دەیزانی زۆر شەرم لە (مۆدێل بوون) دەكەم، هەڕەشەی دەكرد، دەیگوت ئەگەر ئێوارە دەعوەتم نەكەیت شۆڕتەكەت.

كریستین وەك من بێگانە بوو، خەڵكی وڵاتی ئیسپانیا بوو، ئەویش لە بەشی داخلی دا دەنووست، كەم كەم بۆم دەركەوت تەوقم رۆیشتۆتە سەر كریستین، عاشق نەبووم، بەڵام لە زۆر شتی كریستین خۆشم دەهات، هەتاوەكو جل لەبەر كردنی، دەمزانی ئەویش بێ مەیل نییە، وردە وردە لەیەك نزیك بووینەوە، بە رۆژ لە زانكۆ و زۆربەی كات شەوانە بەیەكەوە بووین، بەم شێوەیە ساڵی یەكەمی زانكۆمان بردە سەر.. هەردووكمان بە پلەیەكی چاك دەرچووین، بۆ ساڵی دووەم بڕیارماندا بەیەكەوە بژین. بە هەر فەلاكەتێك بوو، لە ساختمانێكدا ژوورێكمان پێكەوە گرت و پێكەوە زیندەگیمان دەستپێكرد، بیرم لەوە دەكردەوە.. ئەگەر لە قوژبنێكەوە باوكم و خاڵۆ رەمەزان جۆری زیندەگانەكەمانیانی بدیایە وابێ مارەوتەڵاق پێكەوە دەژین، چییان دەوت و چییان دەكرد...".

**٣- ٢: ململانێی شارستانیەتی رۆژهەلات و رۆژئاوا لە رۆمانی کۆردەرەدا:**

کریستین زۆر بە ولاتی ئیسپانیا دەینازی و دەیوت: چاوم لێکە چۆن ناوچە بە ناوچە ولاتی (پابلۆ بیکاسۆ) و (سلڤادۆر دالی)ت پێ دەناسێنم ئەو دەمە دەزانیت هونەری نیگارکێشان و پەیکەرسازی و ساختمان و مەعماری یانی چی؟ دەیوت دەیوت..!!.

لەبیرت نەچێ پەرچەمی فەرهەنگ و زانیاری مرۆڤ بۆ یەکەمین جار لە دۆلی رافیدەیندا شەکاوەتەوە، بۆ نموونەش هەر لە ولاتی تۆدا باوباپیرانی خەلکی دۆلی رافیدەین و رۆژهەلاتی ناوەراست زۆرتر لە چوار سەد سالێك فەرمان رەواییان کردووە. کریستین دەیزانی بەچی دەمار دەمگرێ چۆن سەرم بناتە سەرم دەیوت:

– خۆ وەالله راست دەکەیت، تۆش ئەوە بزانە و لەبیر نەکەیت، کە (ئەو نان نانە ئەمڕۆ لە خوانە)..!! منیش تورە دەبووم و دەموت: ئەو نانەی ئەمڕۆ لە خوانی ئێوەی رۆژئاواییدا تك تك خوێنی لێ دەتکێ نانی دەستی مندالانی برسی و هەژاری ولاتانی ئێمە و جیهانی سێهەمە.. ئێوەی ئیمپریالیست مەگەر بە تەنها بە خوێن خواریتانا بنازن هەتاوەکو (بیکاسۆ و دالی)ش بەر لە کۆمەلّ و رەفتار و کردارتان دەگرن و دڕندەتان دەزانن..!! کریستین وەلامی دەدایەوە: ئەو بەرگرتنەشیان نیشانەی بلیمەتیانە نەك لەسەر بیروڕایەکی کە بێت تۆ بیری لێ دەکەیتەوە!! دەمووت: باسەکەی ئێمە لەسەر بلیمەتی بیکاسۆ یان دالی نییە من ئەلێم ئێوەی رۆژئاوایی زۆر خۆتان بە زل دەزانن و خۆتان بە خاوەنی تەواوی جیهان دەزانن، وادەزانن ئێمە، وەك جانەوەران یەشتا لەنێو ئەشکەوتەکاندا دەژین و هەرکەسێك کەر و حوشترێکی لە دەم ئەشکەوتەکەی بەستۆتەوە".

**رۆمانی هیچ:**

**رۆمانی (هیچ) و سیفاتی ئینگلیزەکان:**

سیفەتی ئینگلیزەکان لەسەرزاری مەلا نەجمەدین لە دەمەتەقێی لەگەلّ ئاغای پیاوی ئینگلیزەکانەوە: مارف بە مەلا نەجمەدین دەلّێ:

- بە هەرحالّ بۆیە ناردم بە دواتا، تا رات سپێرمە سەر ئەو سەیدە بێ دینە (مەبەستی مەلا سەید حەکیمە)، با شەڕی لێمان لادا و دوورکەوێتەوە، ئەگینا بە بالّ بەستراوی دەیدەم بە دەست معاونە سورەوە، دوێنێ شەو هەرچی وەچ و سەرچەور هەیە، لەسەر سیروان گلێری کردوونەتەوە، لەبەر گری قەتیلە راوێژ و کربوونەوەی لەگەلاکردوون. خەفیە چیان تیابووە. دەزانم چیان وتووە، دەیانەوێت چ گۆبەنێ بنەنەوە؟ مەگەر مارف مردووە؟ مەگەر ئەم ناوچەیە بێ خاوەنەوە؟ دەبێ کارێ بکەم بابە دەواری دۆمی نەکردبێ.
- جا قوربان! جەنابت قەراری خۆتت ئەخز فەرمووە، ئیتر بۆچی من ئیرسال دەکەیت و دەم کەیت بە رەسوولّ.. دیارە قەزیەکە لە مەبدەئەوە فاشیلە.
- مامۆستا، سیاسەتە سیاسەت، با نەلّێن مارف ئاغا ئاغایەکی چاك نەبووە.
- ئاغا تا حەد و حدودێك حەق بە جەنابتە. ئینگلیز دەرس بە شەیتان ئیلقا دەکەن. رەحمم و شەفەقەت و مرووەت نازانن، کە غەزەب دەیان گرێت.

- مەلا جگە لەمانەش، مەلا سەید حەکیم کەرکوڵە و بارسووك، بۆ هەرکوێ بڕوا، ئاسمان یەك ڕەنگە. ئێمە بۆ کوێ بڕۆین؟ کابرا دەیەوێ قوڕمان بۆ بگرێتەوە. مەگەر مارف مردووە، بە حەقیانەتی حەی قەسەم، ئاوەڕوتیان دەکەم. بۆ کوێ لە دەستم دەردەچن؟! سبەی بە چ ڕوویەکەوە بڕۆ مەلای مستەر لاین و موتەسەریف، تۆ فەرموو ناوی خوای لێبێنە، منیش دەزانم چی دەکەم.

ئەمە دەلالەت لەوە دەکات، کەوا هەندێ کەس بۆ هەندێ پارە و مادده و بۆ ناوودەنگ نۆکەرێتی و خزمەتچی ئینگلیزەکان بکەن و راوەدووی مرۆڤی پاك و نیشتمانپەروەر بنێن و ئازاریان بدەن، تەنیا بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خۆی پێ بپارێزێ و گیانی نەکەوێتە مەترسیەوە، تەنیا بۆ خۆی بژی.

هەر لە ڕۆمانی (کۆردەرە)دا لەسەرزاری مامۆستا ئومێد سیفەتی زۆردار دەخاتە ڕوو و بەم شێوەیەی خوارەوە: (بەلای زۆردارەوە دەسەلات و توانا، واتە تێکڕای ژیان، بۆ ئەوەی ژیانی نەکەوێتە مەترسیەوە بەچنگ و دانی بەرژەوەندی و دەسکەوتەکانی دەپارێزێ و بێ باکیشە لە ناڵە و نووزەی چەوساوەکان. زۆردار بەردەوامی خۆی لە دەرماندەگی و بێ پارەیی فەرمانبەراندا دەبینێ.

ئەوانەی سەردانانەوێننەوە و هەست بە سەربڵندی دەکەن. قەست دەکا سەر بە شانیانەوە نەبێت و تاسەریان لەنێو سەراندا بەرزتر و بڵندتر وەدەر نەکەوێت، ئەگەر بە زۆردارێك ڕاگەیەنێ، ملهوڕی و زۆرداری تاکەی! ئیتر بەسە و دەست بەرداربە، ئەوە وەك ئەوە وایە بە ئافرەتێکی جوانکیلە بویژیت ئەگەر دەکرێ دەست لە جوانی و خانوومانیت هەڵگرە.

ئافرەت ئاواتە خوازە سبەی لە ئەوڕۆ جوانکیلەتر و نازەنین تر وەبەرچاوکەوێ. وەك هەر زۆردارێك چۆن تینووی دەسەڵاتە و تێدەکۆشێ سبەی لە ئەوڕۆ بە هێز و دەسەلات تر وەبەر چاوکەوێت، زۆردار کە دەستی کردە فێڵ و درۆ و دەلەسە و فیشاڵ بلۆف و کلاوکلاو، وەك ئافرەتێك وایە شوێن پای پیری لە روخساریدا وەدەرکەوتبێ بە فەن و فێڵی ئارایش و بۆیە و بۆیاخ و سوراو و سپیاو و کلی چاو، خۆی بڕازێنێتەوە تا کرداری ڕۆژگار و تەمەن و زەمان داپۆشێ.

دەلالەت لە هێنانەوە و گێڕانەوەی ئەو سیفەتانەی ئینگلیزەکانەوە، ئەوەیە، کە ئاماژەکردنە بە سیخوڕی هەندێ کەس لە هاولاتیانی ئەڵقە لە گوێی ناوچەکە بۆ ئینگلیزەکان و لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی ئەو کەسانە و خۆشەویست بوونیان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی ئەو کاتەدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت چ لە ئێستا و چ لە ڕابردوودا سیخوڕی و ئەڵقە لە گوێیی و نۆکەرێتی باوی هەبووە و ئەو حەلەش زەرەروزیانێکی زۆری بە مەسەلەی ڕزگاری خوازی کورداوە و بەردەوامیش ئەو مەسەلەیە دووبارە بۆتەوە، بێ ئەوەی هیچ پەند و عیبرەتی لێ وەربگیرێ. لەلایەکی دیکەشەوە، هەر لە دێر زەمانەوە، تا بە ئەمڕۆ دەگات، هەندێ کەسی بوێر و بە جورئەت هەن، کە بەرامبەر دوژمن و نۆکەرەکانی ڕاشکاوانە بدوێن و زوڵم و زۆری دوژمنان ڕەت بکەنەوە و تا دەگاتە ئەوەش، کە ژیانی خۆشیان خستبێتە مەترسیەوە. دیارە پیاوانی ئایینیش لە ڕیزی پێشەوە بوونە بۆ ئەم مەسەلەیە و مێژووش شاهێدی ئەم حاڵەتەیە.

لەلایەکی دیکەشەوە، سەبارەت بە شێوازی دەربڕینی پیاوانی ئایینی لە قسە و گفتوگۆکانیان، لەبەر ئەوە بوو، کە خوێندنی ئەوسایان تەنیا زانستی ئایینی بووە لە حوجرەکانی مزگەوتەکانەوە، بۆیە وشە و موفرەداتی ژیانی ڕۆژانەیان (عەرەبی) بووە، هەروەك لە قسەکانی مەلا نەجمەدین، ئاماژەمان پێکردووە.

دەلالەتێکی دیکەش لە گێڕانەوەی ئەو باسە، ئەوەیە، کە هەروەك دیارە مەلا سەید حەکیم، ئاماژەی بە هەندێ چیرۆکی ئازایەتی و ئەفسانە و خورافیاتی کردووە، مەبەستی مەلا سەید حەکیم بۆ ئەوە بووە، کە فێری وانەی ئازایەتی و دان بەخۆ گرتن و ئارامی و بەردەوامی لە تێکۆشانیان بەرامبەر دوژمندا بکەن و ئەمەش بەلای ئێمەوە، جۆرێکە لە هەوڵ و تێکۆشان و خەبات دژی زوڵم ز زۆری و دوژمنان. لە کۆنیشەوە مرۆڤی کورد لە گوێ ئاگردانەکانی کوردەواریدا بەو داستان و لاوك و بەیتانە ئاشنان و دەرسێکی باشیان لێ وەرگرتووە.

<u>ڕۆمانی (هیچ) و (جینۆساید)ی ئەرمەنەکان :</u>

ژانێت ئافرەتێکی، ئەرمەنی بوو، سکرتێری حازم بوو، لە شاری بەغدا، حازم پیاوی ئینگلیز و هاوڕێی نزیکی (مێجەر تامسۆنی ئینگلیز). نووسەر باس لەوە دەکات و ئەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: (ژانێت، ئەگەر وردت بکردایەتەوە دانە دانە هیچ کوێی جوان نەبوو، بەلام سەرجەم جۆرە جوانێك بوو، لە جوانی ڕۆژهەلاتی سەرباقی دەیزانی لە کوێ داو چۆن و کەی چاو یا لەرینی لێوی بێنێتە هانای ژنانەیەوە و سەرنجی سەیرکەرەکەی بۆ ڕابکێشێ و زەرافەتی ژنانەی لە ئەندێشەی دا بێنێتە سەودا و مامەڵە، هەرکەسێك چاوی بە ژانێت کەوتایە، بێ یەك و دوو دەیسەلماند، ڕەفتار و ئەدا و ئەتواری هەرزە هەوەسی و بەڕەڵلایی تیادا وەدیارە. بۆ خۆشی دەیزانی دەربارەی ئاواتێ دەفکرێن. بۆیە جاروبار دەیوت: زۆربەی خەڵك هەمیشە رووکەشانە بیردەکەنەوە. خۆ من نالێم، حەزرەتی مریەمم، بەلام واش نیم، کە لێم گەیشتوون. بۆ بیروراشیان هیچ بایەخێکی بۆ دانانێم. خەڵك پەیڕەوی پادداربگرە و بێ پا مالی بۆمانەیە. کاتێك تورکەکان تیرە و تایەفەمانیان دابەدەم شمشێرەوە و ورد و گەورەیان وەك یەك سەربڕی، کێ وتی نا، نەکەن! کام ڕێکخراوی مرۆدۆستی ئەم کەونە هاتە جواو. دەربەدەرکراین، پێشێل کراین، ئیتر هەرچی کرا، کرا.. خەڵکی بۆ خەڵك و چوار تەنیشتی دەژی، منیش دەمەوێ بۆ خۆم بژیم، ئاکامی ڕەفتار و جولانەوەی خۆمیشم گرتۆتە ئەسکۆ وەك دەشبینم گرانم بۆ تەواو بووە، بەلام شادمانم. بەس نییە درۆ لەگەڵ خۆمدا ناکەم.

ژانێت، هەروەك خۆی دەڵێ: ئافرەتێکی لێقەوماو بووە و دەیەوێ بۆ خۆی بژی و ڕەفتار و قسە و قسەلۆکی بە دڵ نەبووە، هەروەك خۆشی دەڵێ: ئەو خەڵکە رووکەشانە بیردەکەنەوە، کە دەبێ حەزرەتی مریەم من بم، بەلام بەم شێوەیەش نیم، کە زیاد لە پێویست تێم پەڕاندبێ و لە تامم بردبێتەدەرەوە، بۆیە بایەخێکی ئەوتۆی پێنەداوە و پێی وایە سەربەرزانە دەژی و بێ درۆ و دەلەسە دوور لە زۆربەی خەڵك. هەروەها دەڵێ: بە پا بگرە و بێ پا هی خۆمانە. ئەمەش مانای ئەوەیە، کە ئەوەی بە دەسەلات و دەست ڕۆیشتووە بیهێننە رایە و دەست کەمۆی بکەین و ئەوەی بێ دەسەلاتە و بێ هێزە خۆی کەمۆ دەبێ و زووتر دێتە ژێر بارەوە.

ژانێت ئاماژەی بە قەتل و عامی ئەرمەنەکان کردووە، کە تاکێك بووە لەوان و دەڵێ: گەورە و بچووکیان بە شمشێرەوە سەربڕان، کەس نقەی لێوە نەهات، هیچ رێکخراوێکی مرۆیی و مافی مرۆڤ و نەتەوەیەکگرتووەکان هی دیکە نەهاتنە جەواب، بۆیە دەربەدەر کراین و پێشێل کراین و هەرچی کرا و کرا..

ئەمەش دەلالەتێکی زۆر بەهێزی نووسەرە لە هێنانەوەی ئەو گێڕانەوە و ئاماژەی قەتل و عامی ئەرمەنەکان بۆ قەتل و عامی (جینۆساید)ی کورد لە کوردستان و دەربەدەری و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و هەموو ئەو ئەتك کردن و بێ ڕێزییەی بەرامبەر بە کورد کرا، هەروەك ئەرمەنەکان چۆن کەوتنە ژێر شاڵاوی کوشتن و بڕین و دەربەدەری وماڵوێرانی.

سەرەڕای ئەم هەموو کەلەپوورە دەوڵەمەندییەی دراوسێ و بێگانەکان رۆماننووس ئاماژەی بە چەندین وشەی بێگانە کردووە، هەر وەك: سەماخانەی ئەسپی ئەسپی، سەمای فەلەمینکۆ، کریستین و ئەلوەندا، ژۆزەفین، رۆمانیا، ئەڵمانیای رۆژئاوا و ئەڵمانیای رۆژهەڵات، ئیسپرانتۆ، ژۆکۆفسکی، مستەر گرین، مستەر لاین... هتد.

**پەرویز: -**


(١) عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل١٢.
(٢) شوقی سکری، الأدب المقارن، مجله عالم الفکر، العدد٣، سنه ١٩٨٠، ص٤.
(٣) د. عیزەدین مستەفا رەسول، لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٢، ١٩٧٩،ل١٠.
(٤) س. پ. ل١٠.
(٥) ئیسماعیل رەسووڵ، پەرستگەی دڵداری، بەغدا، ١٩٩٠، ل٧.
(٦) س. پ. ل٢٢.
(٧) ئیسماعیل رەسووڵ، رۆمانی پەرستگەی دڵداری، ل٢١.
(٨) ئیسماعیل رەسووڵ، رۆمانی پەرستگەی دڵداری، ل٢٧.
(٩) ئیسماعیل رەسووڵ، رۆمانی پەرستگەی دڵداری، ل ٤٩.
(١٠) عەبدوڵڵا سەراج، هەڵکشان بەرەو لووتکە، ل١٣٠.
(١١) س. پ. ل١٣٠.
(١٢) س. پ. ل١٧١.
(١٣) عەبدوڵڵا سەراج، رۆمانی هەڵکشان بەرەو لووتکە، ل٦٣.
(١٤) س. پ. ل٦٣.
(١٥) س.پ، ل٥٤.
(١٦) س. پ. ل١٢٧–١٢٨.
(١٧) د. نافع ئاکرەیی، بوهژین، ل١٥١.
(١٨) س. پ. ل١٩٧ – ١٩٨.
(١٩) عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٩، ل١٨٢.
(٢٠) خوسرەو جاف، رۆمانی کۆردەرە، ل٢٠٣.
(٢١) س. پ. ل٢٠٩.

(٢٢) مۆدیل: له كۆلێجی مەعماری زۆر سوود له مۆدیلی زیندوو وەردەگرن، واته دەبێت مرۆڤێك رووت بێتەوه و سواری بەرزایی ببێ تەواوی قوتابییەكان له قوڕ پەیكەری دروست بكەن، یان لەسەر كاغەز بە شێوه و شكلی جۆراوجۆر نیگاری بكێشن، جا زۆرتر خودی قوتابیان بە نۆره دەبن بە مۆدیل.

(٢٣) س. پ. ل٢١٠.

(٢٤) س. پ. ل٢١١.

(٢٥) س. پ. ل٢١٢.

(٢٦) خوسرەو جاف، رۆمانی هیچ، ل٤٧.


سەرچاوەكان:

١. عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردكاری، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا

٢. شوقی سكری، الادب المقارن، مجله عالم الفكر، العدد٣، سنه ١٩٨٠.

٣. د. عیزەدین مستەفا رەسول، لێكۆڵینەوه له ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، چ٢،١٩٧٩.

٤. عبدالرزاق بیمار، پەخشانی كوردی، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغدا، ١٩٩٩، .

٥. ئیسماعیل رەسووڵ، پەرستگەی دڵداری، بەغدا، ١٩٩٠.

٦. عەبدوڵڵا سەراج، رۆمانی هەڵكشان بەرەو لووتكه .


# انعكاس التراث الاجنبي في الرواية الكردية المعاصرة في جنوب كردستان ١٩٨٥-١٩٩١


أ.د. هيمداد حسين بكر د. ابراهيم حسن حمد

قسم اللغة الكردية – كلية التربية

جامعة صلاح الدين – أربيل



**خلاصة البحث باللغة العربية**

تتكون هذه الدراسة من مقدمة وفصلين:

الفصل الاول: مخصص لانعكاس بعض جوانب تراث الاقوام المجاورة والاجنبية، ويتحدث في البداية عن التراث والتأثيرات التراثية على الامم وأسباب وعوامل التأثير بين الامم. خصوصا الامم والاقوام المحيطة بالشعب الكردي والتي يعيش بعضها مع الكرد ومن ثم يتحدث الفصل الثاني عن تراث الامم المجاورة والاجنبية في الرواية الكردية المعاصرة، والتي خدمت تقنيات السرد بشكل خاص وخدمت العناصر الاخرى للرواية، وفي النهاية تم عرض أهم النتائج التي توصلت اليها الدراسة.